

# ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا

# جێبەجێکردنی دەستووری عێراقە



«کوردستان دەبێت بەشدارێکی راستەقینە بێت لە عێراق و پێگە و ئەرک و مافی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور روون و ئاشکرا بێت.. جگە لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان داوای هیچ شتێکی زیاتر ناکەین، لە هەمانکاتدا سازش لە سەر هیچ مافێکی دەستووریی خەڵکی کوردستان ناکەین.»

مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ١٦ی٧ی٢٠١٩

**مەلا مستەفا بارزانی بۆ سەلماندنی کوردستانیبوونی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، دوای کردبوو بچن سەرژمێری قەبرستانەکانی کوردستان بکەن، ئەمەش بەو مانایەی ئایا زۆرینەی ڕەهای ئەو ناوچانە کوردستانین یان عەرەبن، ریفراندۆم ئەم گوتەیەی مەلا مستەفا بارزانی بە شێوازێکی سەردەمیانە پێناسە کردەوە و سەلماندنی ڕێژەی ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانە دەنگیان بە (بەڵێ) داوە ناسنامەی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە بەرجەستە دەکات**

**لە ماوەی نووسینەوەی ئەو پرۆژە دەستوورەشدا زۆر هەوڵیاندا کە گوشار بخەنە سەر سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆک مسعود بارزانی بەتایبەتی بۆ ئەوەی دەستکاری هەیکەلەی سیستمی فیدراڵی بۆ دەڵەوتی تازەی عێراق بکەن و، سیستمە فیدراڵیەکە لەسەر بنەمای مێژوویی و جوگرافیاوە بگۆڕن بۆ سیستمی فیدراڵی پارێزگاکان و لەمەش زیاتر زۆر هەوڵیاندا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵبوەشێنەوە**

ئەگەر دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ بەشە عەرەبییەکەی هەڵوەشانەوەی ریشەیی ئەو سیستم و ڕژێمانەی پێشوو بووبێت کە بە درێژای ١٠٠ ساڵ عێراقی کاول کردووە و گەلانی عێراقی دوچاری چەرمەسەری و شەڕ کردووە، ئەوا هەمان دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، ددانپێدانانی فەرمی و دەستووری بوو بۆ «بڕیاری فیدراڵی» کە پەرلەمانی کوردستان لە ٦ی ١٠ی ١٩٩٢ دەریکرد و زیاد لەمەش ددانپێدانانی دەستووری بوو بەو یاسا و بڕیارانەی پەرلەمانی کوردستان کە بۆ ڕێکخستنەوە کاری دامەزراوەیی و خۆبەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان دەریکردبوو، زیاد لەمەش ئەو بڕیار و یاسایانەی پەرلەمانی کوردستانیش کە نەخشەیەکی ڕێگای بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولای لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی و فرەیی، دارشتبوو.

مشتومڕ و کێشمەکێشی نێوان سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق (بە شیعە و سوننەوە) لەسەر میکانیزمی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە جوگرافی و مێژووییەکانی نێوان کوردستان و عێراق، بە درێژایی ساڵانی ١٩٩٢- ٢٠٠٣ بەردەوامی هەبووە، هەتا دواجار لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن لە بەریتانیا و فەرەنسا و کوردستان گەیشتە ئەو ئاکامەی کە عێراقی دوای ڕژێمی بەعس و سەدام وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام دوای رووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام و دەستبەکاربوونی (ئەنجومەنی حوکم) هەتا نووسینەوەی (یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناخی راگواستندا) دیسان کێشمەکێش و دانوستاندنەکانی نێوان سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ کە بەنیازی وەرگرتنی کورسیی حوکمڕانی بوون، لەسەر ئەوە بوو چۆن میکانیزمی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە چوارچێوەی یاسای کاتیی دەوڵەتی عێراقدا بچەسپێندرێت.

لە ماوەی ئەو یەك ساڵەی حکومەتە راگواستراوەکەی د.ئەیاد عەلاوی ٢٠٠٤-٢٠٠٥، پرۆژەی دارشتنی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق دەستی پێکرد، لە ماوەی نووسینەوەی ئەو پرۆژە دەستوورەشدا زۆر هەوڵیاندا کە گوشار بخەنە سەر سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی بەتایبەتی بۆ ئەوەی دەستکاری هەیکەلەی سیستمی فیدراڵی بۆ دەڵەوتی تازەی عێراق بکەن و، سیستمە فیدراڵیەکە لەسەر بنەمای مێژوویی و جوگرافیاوە بگۆڕن بۆ سیستمی فیدراڵی پارێزگاکان و لەمەش زیاتر زۆر هەوڵیاندا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵبوەشێننەوە، بەڵام سەرۆك مسعود بارزانی پێداگری لەسەر تەواوی مافەکانی خەڵکی کوردستان کرد و، سەبارەت بە هێزی پێشمەرگەش راشکاوانە بە عێراقییەکان و نوێنەری تایبەتی سەرۆك بوشی لە عێراق گوتبوو: «پێشمەرگە هێما و سیمبولی نەتەوەیە و بە بڕیاری ئێوە دروست نەبووە، هەتا بە بڕیاری ئێوە هەڵبوەشێتەوە.» کورت و پوخت سەرۆك بارزانی راشکاوانە پێی گوتبوون: گەلی کوردستان بێجگە لە مافە رەواکانی خۆی شتێکی دیکەی ناوێت و سازشیش لەسەر مافە رەواکانی خۆی ناکات.

لەسەر ئەم بنەمایە هەر لە دەستپێکی دامەزراندنی کابینەی یەکەمی حکومەتی عێراقەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ ـەوە، هەر حکومەتێك لە عێراقدا پێکهاتبێت بە سەرپەرشتی و کاریگەری راستەوخۆی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەگشتی و رۆڵ و کاریگەری سەرۆك مسعود بارزانی بەتایبەتی دامەزراوە، لەو ماوەیەشدا کە سوپای عێراق هەڵوەشێنرابووەو هێشتا سوپای عێراق دانەمەزرابوو، بە فەرمانی سەرۆك بارزانی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان رۆڵێکی کاریگەر و گەورەی لەو ژینگە ئاڵۆزەی بەغدا و موسڵ گێڕا کە تیرۆریستان هەڕەشەیان لە تەواوی دەوڵەتی عێراق دەکرد.

لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو، ئەو میکانیزمانەی بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی خراونەتەگەڕ،

هەڵکشان و داشکانی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە و گەلێك جار گەیشتۆتە حاڵەتی بنبەست و هەڕەشە لە یەکتری کردن و تەنانەت جووڵاندنی هێز لە دژی یەکتری، بەڵام ئەوەی کە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە ئەو هەڵوێستە نەگۆڕەی سەرۆك بارزانی-یە کە لە کاتی نووسینەوەی یاسای کاتی و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بە عێراقییەکان و هاوپەیمانان و هەموو جهانی راگەیاندووە، هەمان هەڵوێستیش لە رۆژی ١٦ی تەمموزی ٢٠١٩ جارێکی دیکە مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانەی سەردانەکەی بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتی (کۆمار و پەرلەمان و حکومەت)ی عێراق، دووپاتی کردەوە کە «بێجگە لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان داوای شتێکی دیکە ناکەین و لە هەمانکاتدا لەسەر هیچ مافێکی دەستووریی گەلی کوردستانیش سازش ناکەین.»

ئەوجا ئەگەر وردتر لە سەر ئەو نەخشە سیاسییە هەڵوەستە بکەین کە هەڵوێستە نەگۆڕەکانی سەرۆك بارزانی لە ناو پرۆسەی سیاسیی تازەی عێراق دایڕشتووە، ئەوا ئەم نەخشە سیاسییە دەبێتە وەڵامێکی تەواو بۆ تەواوی ئەو هەڵکشان و داکشانەی لە پەیوەندییەکان و میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا بوونیان هەبووە، بە ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمی ئەیلوولی ٢٠١٧شەوە.

## ● ریفراندۆمی گەلی کوردستان کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر پێشێلکارییە دەستوورییەکان

دوای هەڵبژاردنەکانی نیسانی ٢٠١٠، پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە جۆرێك ناسەقامگیر بوو، کە ماوەی زیاتر لە ١٠ مانگ نەتوانرێت حکومەت پێکبهێندرێت، سەرەنجام تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی عێراق (بە شیعە و سوننەوە) هاتنە هەولێر و بە سەرپەرشتی سەرۆك بارزانی گەیشتە رێککەوتن، رێککەوتنەکەش ناوی بوو بە (رێککەوتنی هەولێر بۆ پێکهێنانی کابینەی دووەمی حکومەتی عێراق)، هەروەها لەم رێککەوتنەدا هەموو لایەنە سیاسییەکان بڕیاریان دابوو کە سەرۆك بارزانی نوێنەرێك دیاری بکات بۆ ئەوەی لە بەغدا سەرپەرشتی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە بکات، ئەم نوێنەرەش کە لایەن سەرۆك بارزانی-یەوە بۆ ئەو ئەرکە دیاری کرا، د.رۆژ نوری شاوەیس بوو، کە لە هەمانکاتدا جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقیش بوو.


ناوەڕۆکی (رێککەوتنی هەولێر بۆ پێکهێنانی کابینەی دووەمی حکومەتی عێراق)، تەنیا تایبەت نەبوو بە (پەیوەندییەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان)، بەڵکو ئەو رێککەوتنە کە هەموو لایەنەکان لەسەری رێککەوتبوون، بۆ چارەسەری تەواوی کێشەکانی عێراق و تەواوکردنی هەیکەلی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و دووبارە رێکخستنەوەی سیستمی سیاسیی دەوڵەتی عێراق بوو، بە شێوەیەك کە ببێتە پێناسە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی.

بەداخەوە حکومەتی عێراق بە درێژاییساڵی ٢٠١١ چەندین شێوازی جۆراوجۆر و تاکتیکی سیاسی گرتەبەر و خۆی لە جێبەجێکردنی لە تەواوی بەندەکانی ئەو رێککەوتنە دزییەوە، هەتا لە کۆتایی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکا بەپێی رێککەوتنی نێوان عێراق و ئەمریکا کشانەوە، لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش ئیدی حکومەتی عێراق بە تەواوەتی ئاراستەی پرۆسەی سیاسی بەرەو ئەسۆریتاریانزم و سەنتراڵییەکی مەزهەبی برد، بۆیە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ سەرۆك بارزانی هۆشداری دا بە حکومەتی عێراق کە بە ئاراستەیەکی هەڵە هەنگاو هەڵدەگرێت و نیازی ئەوەی هەیە بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵبگرێت، بۆیە راشکاوانە بە هەموو جیهانی راگەیاند (گەلی کوردستان نابێتە بەشێك و پشتگیر لە سیستمێکی دیکتاتۆری)، هەر بۆیە لە نەورۆزی ٢٠١٢ سەرۆك بارزانی جارێکی دیکە حکومەتی عێراق و تەواوی جیهانی بە ئەمریکاشەوە ئاگادار کردەوە، ئەگەر هاوکار نەبن بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و رێگرتن لەو ئاراستە هەڵەیەی کە حکومەتی عێراق گرتوویەتەبەر، ئەوا ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان و گەلی

**سەرۆک مسعود بارزانی پێداگری لەسەر تەواوی مافەکانی خەڵکی کوردستان کرد و، سەبارەت بە هێزی پێشمەرگەش راشکاوانە بە عێراقییەکان و نوێنەری تایبەتی سەرۆک بوشی لە عێراق گوتبوو: «پێشمەرگە هێما و سیمبولی نەتەوەیە و بە بڕیاری ئێوە دروست نەبووە، هەتا بە بڕیاری ئێوە هەڵبوەشێتەوە.»**

**هەوڵێکی جددی هەبوو بۆ پەراوێزخستن و وەرگرتنەوەی پۆستە هەستیارەکان لە کورد و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ گوشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان هەتا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی عێراق بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕی**

**داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، ئەمریکای بە ئاگا هێنایەوە لەوەی ئەگەر دەستوور پێشێل بکرێت و مونۆپۆڵی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندیی مەهەبگەرایی بکرێت، ئەوا ئەو کارەساتانە بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە لە ٢٠١٤ بینیمان**




**لە میانەی دەستپێكردن و هەنگاوهەڵگرتنی جددی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمیش، دیسان سەركردایەتیی سیاسیی كوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆک بارزانی بەتایبەتی هەموو دەرگاكانی وتووێژكردنی بە رووی هەم لایەنی عێراقی و هەمیش نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەوروپا و ئەمریكا و دەوڵەتانی دراوسێ بە كراوەیی هێشتەوە**

كوردستانیش چ بڕیاریك بدات، هەر ئەو بڕیارە جێبەجێ دەكرێت.

بۆ راستكردنەوەی پرۆسەی سیاسی و رێگرتن لەو ئاراستە خراپەی كە حكومەتی عێراق گرتبووی، لەناو لایەنە سیاسییەكانی عێراقدا (بە كورد و شیعە و سوننەوە) هەوڵێك درا بۆ ئەوەی زۆرینەیەكی پەرلەمانی دروست بكرێت و متمانە لە سەرۆك وەزیرانی ئەو كات (نوری مالیكی) وەربگیرێتەوە، بەڵام تێكچوونی رەوشی سیاسیی عێراق و كاریگەرییە خراپەكانی راپەڕینەكانی وڵاتانی عەرەبی و نزیكبوونەوەی وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی خولی دووەمی باراك ئۆباما، بوونە هۆكاری ئەوەی هەوڵەكانی لایەنە سیاسییە عێراقییەكان شكست بهێنێت و لە هەمانكاتیشدا بەهۆی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتیی ئەمریكاش لە ٢٠١٣، ئیدارەی ئۆباما-ش چاوی لەو پێشێلكارییانەی حكومەتی عێراقی فیدڕاڵ پۆشی و، ئەم رەوشە خراپەی پرۆسەی سیاسیش كۆمەڵێك دەرهاویشتەی خراپی بەدوای خۆیدا هێنا، كە لەو چەندخاڵەدا دەیخەینەڕوو:

١. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٣ بە جۆرێك دامەزراوەكانی عێراق پەك خرابوون كە كەناڵێكی بەناوبانگی وەك CNN ئەو پرسیارەی لە وەزیری دەرەوەی عێراق دەكرد، ئایا دامەزراوەكانی عێراق بوونیان ماوە، یان لەبەریەك هەڵوەشاونەتەوە؟

٢. گرووپە تیرۆریستییەكان (پێش ئەوەی ناوی خۆیان وەك داعش رابگەیەنن) بە ئاستێك كارە تیرۆریستییەكانیان فروان كردبوو، كە لە كاری خۆكوژییەوە بەرەو شەڕی قورس و داگیركردنی مۆڵ و شوێنە گشتییەكانی هەنگاوی هەڵدەگرت.

٣. هەوڵێكی جددی هەبوو بۆ پەراوێزخستن و وەرگرتنەوەی پۆستە هەستیارەكان لە كورد و



چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ گوشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان هەتا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی عێراق بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕی.

٤. وێڕای ئەم هەموو پێشێلکارییانەی حکومەت بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان کردی، بەڵام هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە بەغدای ئاگادار کردەوە کە بەم ئاراستەیە عێراق بەرەو لەناوچوون دەبات و زەمینەیەکی لەبار بۆ تیرۆریستان دێتەئاراوە بۆ ئەوەی زیاتر باڵادەست بن. بەڵام دیسان غرووری حکومەتی ناوەندی گەیشتبووە ئەو ئاستەی گوێ لە کەس نەگرێت، هەتا گەیشتە ئەوەی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش شاری موسڵ داگیر بکەن و خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام رابگەیەنن.

ئاشکرایە داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، ئەمریکای بە ئاگا هێنایەوە لەوەی ئەگەر دەستوور پێشێل بکرێت و مونۆپۆڵی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندیی مەهەبگەرایی بکرێت، ئەوا ئەو کارەساتانە بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە لە ٢٠١٤ بینیمان، بۆیە بە هەوڵەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان، حکومەتێکی تازە بە سەرۆکایەتیی د.حەیدەر عەبادی دامەزرا و هەرێمی کوردستانیش لە سەر ئاستی سەربازی بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش هاوپەیمانییەکی گرنگ و مێژوویی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دروست کرد، لە هەمانکاتیشدا لەسەر دیالۆگ و دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، هەرێم دەرگایەکی فراوانی کردەوە و ئامادەباشی دەربڕی بۆ ئەوەی هەموو کێشەکان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا

**رۆژێک پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە سەرۆک بارزانی لە کەرنەڤاڵێکی مەزندا لە پایتەختی کوردستان رایگەیاند «من خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم ناکەم..»، ئەم پەیامەی سەرۆک بارزانی ئاشکرا و روون بوو، بەوەی هیچ گەرەنتییەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەلایەن هیچ دەوڵەتێکەوە نەدراوە، بە لایەنی ئەمریکیشەوە، کە خودی سەرۆک بارزانی داوای ئەو گەرەنتییەی دەکرد**

**ریفراندۆم پەیامێکی سیاسی بوو بۆ عێراق و تەواوی دەوڵەتانی جیهان کە گەلی کوردستان چاوی نەبڕیوەتە خاکی هیچ کەسێک نییە و نایەوێت مافی هیچ نەتەوە و ئایین و مەزهەبێک پێشێل بکات، بەڵام قبووڵیشی ناکات خەڵکی دیکە مافەکانی پێشێل بکەن**

**دروشمی سەرەکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بونیادنانی حکومەتێکی بەهێز و کوردستانێکی بەهێزە، بۆیە جێبەجێکردنی ئەم دروشمە پێویستی بە ژینگەیەکی سیاسیی سەقامگیر و بێ کێشە هەیە، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کردە ئەولەویەت و پێش هەموو شت سەردانی بەغدای کرد**

چارەسەر بکرێت، هەرێمی کوردستان بە باشی دەزانی هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە سەر تیرۆریستانی داعشدا، میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق دەستی پێ بکرێت، بەڵام وێڕای ئەو هەموو هاوکارییەی هێزی پێشمەرگە پێشکەشی سوپای عێراقی کردو دەروازەکانی موسڵی بۆ سوپای عێراق پاك کردەوە بۆ ئەوەی سوپای عێراق خەلافەتی داعش لە موسڵ بڕووخێنێت، لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق هیچ ئامادەباشییەکی پیشان نەدا بۆ ئەوەی دیالۆگێکی بەرهەمدار بۆ چارەسەکردنی کێشەکان دەست پێ بکات، هەر بۆیە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەسەر ئەم پرسە کۆبوونەوەیەکی فراوانیان بەست و گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئەگەر نەتوانرێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە عێراقدا بژین، ئەوا باشترە بیر لەوە بکەنەوە کە ببینە دوو دراوسێی باش، بەڵام ئەم پرسەش هەر بە دیالۆگ و ئاشتی و لە میانەی پرۆسەیەکی چەند ساڵەدا ڕێکبخرێت.

لە میانەی دەستپێکردن و هەنگاوهەڵگرتنی جددی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمیش، دیسان سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆك بارزانی بەتایبەتی هەموو دەرگاکانی وتوویژکردنی بە رووی هەم لایەنی عێراقی و هەمیش نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەورووپا و ئەمریکا و دەوڵەتانی دراوسێ بە کراوەیی هێشتەوە و راشکاوانە پێی راگەیاندن، ئامانجی ئێمە ئەوەیە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا کێشەکان بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت و ئاشتی بەرقەرار بێت و، هەر کەس و لایەنێك بتوانێت گەرەنتی ئەوە بە گەلی کوردستان بدات، ئەوا گەلی کوردستان تەنیا چارەسەرکردنی کێشەکانی دەوێت، بەڵام کە ئەو گەرەنتییە بوونی نەبێت و هیچ لایەکیش ئامادەباشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پیشان نەدات، ئەوا گەلی کوردستان بەم حاڵەتە رازی نابێت، هەر بەو هۆکارەش بوو، رۆژێك پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە سەرۆك بارزانی لە کەرنەڤاڵێکی مەزندا لە پایتەختی کوردستان رایگەیاند «من خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم ناکەم..»، ئەم پەیامەی سەرۆك بارزانی ئاشکرا و روون بوو، بەوەی هیچ گەرەنتییەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەلایەن هیچ دەوڵەتێکەوە نەدراوە، بە لایەنی ئەمریکیشەوە، کە خودی سەرۆك بارزانی داوای ئەو گەرەنتییەی دەکرد.

بە هەرحاڵ گەلی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لە میانەی (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان) چەند پەیامێکی گرنگی بە عێراق و جیهان راگەیاند:

١. گەلی کوردستان گەلێکی ئاشتیخوازە و دەخوازێت لەگەڵ گەلانی دراوسێی ئەوجا (عەرەب بێت، یان تورك، یان فارس) بە ئاشتی و برایەتی بژی، بەڵام ئەم ئاشتی و برایەتییە دەبێت لەسەر بنەمایەکی هاوسەنگ بێت نەك ژێردەستەیی.

٢. ریفراندۆم پەیامێکی سیاسی بوو بۆ عێراق و تەواوی دەوڵەتانی جیهان کە گەلی کوردستان چاوی نەبڕیوەتە خاکی هیچ کەسێك نییە و نایەوێت مافی هیچ نەتەوە و ئایین و مەزهەبێك پێشێل بکات، بەڵام قبووڵیشی ناکات خەڵکی دیکە مافەکانی پێشێل بکەن.

٣. مەلا مستەفا بارزانی بۆ سەلماندنی کوردستانیبوونی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، دوای کردبوو بچن سەرژمێری قەبرستانەکانی کوردستان بکەن، ئەمەش بەو مانایەی ئایا زۆرینەی رەهای ئەو ناوچانە کوردستانین یان عەرەبن، ریفراندۆم ئەم گوتەیەی مەلا مستەفا بارزانی بە شێوازێکی سەردەمیانە پێناسە کردەوە و سەلماندنی رێژەی ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانە دەنگیان بە (بەڵێ) داوە ناسنامەی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە بەرجەستە دەکات، ئەمە وایکرد، ریفراندۆم ببێتە ئەو دیکۆمێنتەی کە دەبێتە بەڵگە بۆ ئەو شێوازی فیدراڵییە مێژوویی و جوگرافییەی کە گەلی کوردستان و سەرۆك بارزانی داکۆکی لەسەر دەکەن.

### ● لە ئێستا دووبارە دەستوور بۆتەوە رایەڵەی پەیوەندییەکان و رێکاری چارەسەرکردنی کێشەکان

لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، دوو هەڵبژاردنی گرنگ لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان

ئەنجام دراون، بەرهەمی ئەم دوو هەڵبژاردنە کابینەیەکی تازەی حکومەتی عێراقە بە سەرۆکایەتی د.عادل عەبدولمەهدی، هەروەها کابینەیەکی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە سەرۆکایەتی مسرور بارزانی.

کابینە تازەکەی حکومەتی عێراق کە نزیکەی ١٠ مانگ پێش کابینە تازەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە، لەسەر ئەو بنەمایە بەرنامەی خۆی داڕشتووە کە لاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکاتەوە و ئامادەباشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پیشان داوە، دیارە هەر لەسەر ئەم بنەمایەش سەرۆك بارزانی رازی بووە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداریی حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی بکات و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بۆ پتەوکردنی ئەم پەیوەندییە تازەیە سەردانی بەغدای کرد و دەستپێکردنی گفتوگۆگانی خستۆتەوە سەر سکەی خۆی.

لەماوەی ئەو ٨-٩ مانگەی کابینە تازەکەی عەبدولمەهدی دەست بەکار بووە، چەند هەنگاوێکی گرنگی لەگەڵ کابینەی هەشتەمی دەست پێ کرد و چەند دەروازەیەك بۆ چارەسەکردنی کێشەکان کرانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتەکەی عەبدولمەهدی بە تەواوەتی سەقامگیر نەبوو و وەزارەتەکانی تەواو نەبوون، هاوکات نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرقاڵی ئەو دانوستاندانە بوو کە لە ناوخۆی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم لە ئارادا بوو، بەڵام هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی دانوستانەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، حکومەتەکەی عەبدولمەهدیش تا رادەیەك بە تەواوکردنی کابینەکەی لەو ناسەقامگیرییە حکوومییە هاتە دەرەوە و لە هەمان کاتیشدا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەرنامەیەکی چڕوپڕەوە دەست بەکار بوو، بەمەش زەمینەیەکی لەبار هاتەپێشەوە بۆ ئەوەی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بچنە قۆناخێکی دیکە.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەست بەکاربوونی، رێکخستی شاندێکی باڵای بۆ بەغدا خستە پێش هەر شتێکی دیکە، ئامانجی مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەم سەردانەی ئەمانە بوون:

١. دروشمی سەرەکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بونیادنانی حکومەتێکی بەهێز و کوردستانێکی بەهێزە، بۆیە جێبەجێکردنی ئەم دروشمە پێویستی بە ژینگەیەکی سیاسیی سەقامگیر و بێ کێشە هەیە، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کردە ئەولەویەت و پێش هەموو شت سەردانی بەغدای کرد.

٢. سەرۆك وەزیرانی کوردستان لە سەردانەکەی بۆ بەغدا پەیامێکی راشکاوانەی بۆ هەر سێ سەرۆکایەتی (کۆمار و پەرلەمان و حکومەت)ی عێراق هەبوو، ئەویش ئەوەیە کە سازش لەسەر هیچ مافێکی دەستووری گەلی کوردستان ناکەن و لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستانیش داوای هیچی دی ناکەن.

ئەم پەیامەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان دووبارە تەرجەمەکردنەوەی هەمان ئەو پەیامەیە کە سەرۆك بارزانی پێداگری کرد بۆ ئەوەی لە دەستووری عێراقدا بچەسپێندرێت، هەروەها پێداگری کرد کە دەبێت دەستەواژەی (مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بەندە بە جێبەجێکردنی ئەم دەستوورەوە) لە دیباجەی دەستووری عێراقدا بنووسرێت.

لە ئێستادا کە لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە ئەو ئیرادەیە دەرکەوتووە لە چوارچێوەی دەستوور هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بخرێتەگەڕ، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئامادەباشییەکی خۆی پیشان داوە کە هاوکاربێت بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشەکان، خۆ ئەگەر بهاتایە ئەم ئەقڵییەت و ئیدارەیە پێشتر لە بەغدا بوونی هەبوایە و رێز لە دەستوورەکە بگیرایە، ئەوا نە عێراق دەگەیشتە ئەم ئاستەی ئێستا و نە خەڵکی کوردستانیش بیریان لە رێگە چارەی دیکە دەکردەوە.

**ئەگەر بهاتایە ئەم ئەقڵییەت و ئیدارەیە پێشتر لە بەغدا بوونی هەبوایە و رێز لە دەستوورەکە بگیرایە، ئەوا نە عێراق دەگەیشتە ئەم ئاستەی ئێستا و نە خەڵکی کوردستانیش بیریان لە رێگە چارەی دیکە دەکردەوە**

**لە ئێستادا کە لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە ئەو ئیرادەیە دەرکەوتووە لە چوارچێوەی دەستوور هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بخرێتەگەڕ، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئامادەباشییەکی خۆی پیشان داوە کە هاوکاربێت بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشەکان**

ڕێبەر ئەحمەد

وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەردانی ئەم دواییەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی فیدڕاڵ دەستکەوتی زۆر باشی بۆ خەڵکی کوردستان هەبوو





**وەزارەتی ناوخۆ بەشێکی سەرەکی و گرنگە لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیریی هەر وڵاتێك و، لە هەرێمی کوردستانیشدا وەزارەتی ناخۆ کارنامەیەکی درەوشاوەی هەیە و هاووڵاتییان دڵنیایی و ئاسوودەیی خۆیان بە چاوکراوەیی و شەونخوونی کارمەندانی بەوەجی ئەو وەزارەتەوە گرێ دەدەن. گوڵان بە پێویستی زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساز بکات و، بەرنامەی چوار ساڵی داهاتووی کاری وەزارەتی ناوخۆ و ڕەهەندە گشتییەکانی ئەو وەزارەتە و پرسی سەقامیگری و ئاسایش و پرسەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و پەیوەندییە دیپلۆماسی و سەربازییەکانی هەرێم و بەغدا و چەندین پرسی دیکەی هەنووکەیی تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارە پێکدەهێنن.**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاووڵاتی و تاکی کوردستانی کردۆتە تەوەری سەرەکیی بەرنامەی کابینەی نۆیەم، بۆیە وەزارەتەکانیش هەر بەرنامە و پلانێک ئامادە بکەن، دەبێت لە چوارچێوەی ئەو تەوەرە سەرەکییەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت**

*** دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و ڕاگەیاندنی بەرنامەکەی، هەموو وەزارەتەکان ڕاسپێردران کە بەرنامەی چوار ساڵی داهاتووی کاری وەزارەتەکەیان ئامادە بکەن، ئایا ڕەهەندە گشتییەکانی بەرنامەی وەزارەتی ناوخۆ چین؟**

- بێگومان ئامادەکردنی بەرنامەی چوارساڵی داهاتوو بۆ وەزارەتەکان بەگشتی، وردکردنەوە و تەرجەمەکردنی ڕەهەندە سەرەکییەکانی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەلایەن هەر وەزارەتێکەوە بەپێی تایبەتمەندیی بوارەکەی. دیارە بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاووڵاتی و تاکی کوردستانی کردۆتە تەوەری سەرەکیی بەرنامەی کابینەی نۆیەم، بۆیە وەزارەتەکانیش هەر بەرنامە و پلانێك ئامادە بکەن، دەبێت لە چوارچێوەی ئەو تەوەرە سەرەکییەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت، کە ئەویش خزمەتکردنی تەواوی هاووڵاتییانی کوردستانە، لە دەستپێکدا بەڕێز مسرور بارزانی پێی گوتین: من خزمەتکاری ئێوەم و دەمەوێت ئێوەش خزمەتکاری خەڵك بن، ئەمە مانای ئەوەیە فەلسەفەی کارکردنمان ئەوەیە کە دەبێت ئەم کابینەیە خزمەتی خەڵك بکات و خزمەتکاری هاووڵاتی بێت. ئەوجا بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دیدگایە جێبەجێ بکەین کە سەرۆکی حکومەت تەبەنیی کردووە، ئەوا دەبێت بزانین داخوازیی خەڵك لە حکومەت چییە و دەیەوێت حکومەت چی بۆ بکات، بۆ ئەوەش دەبێت بچینە ناو خەڵك، هەر یەکێك لە ئێمەش کەم تا زۆر ئاگادارین خەڵك چی دەوێت، چونکە هەموومان بەشێکین لەو خەڵکە و هەر لەناو ئەوانەوە هاتووین و لە دەردەسەری و گرفتەکانی خەڵك دەزانین، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە هەریەك لە وەزارەتەکان وەك حکومەت ئەو دیدگایە جێبەجێ بکەین کە فەلسەفەی ئەم کابینەیەی لەسەر بونیاد نراوە، کە ئەویش خزمەتکردنی هاووڵاتییانی کوردستانە و ڕاییکردنی خێرای مامەڵەی هاووڵاتییانە بەبێ دواکەوتن، لەمەش گرنگتر وەڵامدانەوەی هاووڵاتییانە بە ڕێزەوە، دیارە لەمەدا مەبەست ئەوە نییە دەتوانرێت هەموو داواکارییەکی هاووڵاتی جێبەجێ بکرێت، بەڵکو مەرجە هاووڵاتی هەموو وەڵامێك بە ڕێزەوە وەربگرێتەوە.

**مسرور بارزانی پێی گوتین: من خزمەتکاری ئێوەم و دەمەوێت ئێوەش خزمەتکاری خەڵک بن، ئەمە مانای ئەوەیە فەلسەفەی کارکردنمان ئەوەیە کە دەبێت ئەم کابینەیە خزمەتی خەڵک بکات و خزمەتکاری هاووڵاتی بێت**

*** پێش ئەوەی بێمە سەر ڕەهەندەکانی کاری وەزارەتی ناوخۆ، دەمەوێت ئەو پرسیارە بکەم، دوای متمانە وەرگرتنی لەلایەن پەرلەمانەوە، یەکەم کاری ئەم کابینەیە ڕێکخستنی شاندێکی باڵا بوو بە سەرۆکایەتی مسرور بارزانی بۆ بەغدا، کە ئێوەش ئەندامی ئەو شاندە بوون، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتی (کۆمار و پەرلەمان و حکومەت)ی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، ئایا بۆ پەلەتان لەو سەردانە کردو ئامانجی سەرۆکی حکومەت لەو سەردانە چی بوو؟**

- بێگومان چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکان و بوونی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بەغدا، فاکتەرێکی

گرنگە بۆ سەرکەوتن و جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە لەم روانگەیەوە پێش ئەوەی ئەم کابینەیە هیچ هەنگاوێك هەڵبگرێت، شاندێکی باڵای حکومەت بە سەرۆکایەتی بەڕێز مسرور بارزانی چوونە بەغدا، لەم سەردانەدا بەڕێز مسرور بارزانی وەك سەرۆکی حکومەت پەیامێکی بۆ بەغدا هەبوو، پەیامەکەش ئەوە بوو کە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان بۆچوون و سیاسەتمان بەو جۆرەیە کە هەموو کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی و حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا چارەسەر بکەین. راشکاوانە دەکرێت بڵێین، ئەم سەردانە بۆ پیشاندانی نییەت و رژدبوونی ئێمە بوو لەسەر ئەوەی کە دەمانەوێت کێشەکان چارەسەر بکەین.

*** لەم سەردانەدا کۆبوونەوەتان لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتی (کۆمار و پەرلەمان و حکومەت)ی فیدراڵی عێراق کرد، ئایا ئەو سەردانە بووە دەروازەیەك بۆ بەردەوامیی گفتوگۆکان و سەردانی هەردوولا بۆ لای یەکتری؟**

- کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، کۆمەڵێك کێشەن، بۆیە لە یەکەم سەردانمان بۆ بەغدا و کۆبوونەوەمان لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتی (کۆمار و پەرلەمان و حکومەت)ی فیدراڵی عێراق، لێکتێگەیشتنێکی باش هاتەئاراوە و هەتا ئێستاش ئاڵوگۆڕ و هاتوچۆی شاندی هەردوولا بۆ لای یەکتر بەردەوامە، بەم ئاراستەیەش هەنگاوی باشمان لەسەر هەموو کێشە جیاوازەکان بڕیوە و گفتوگۆمان لەسەر پرسە جیاوازەکان کردووە، وەك چارەسەرکردنی کێشە داراییەکان، هەروەها چارەسەرکردنی ئەو کێشە سەربازی و ئەمنییانەی کە لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە هۆی ئەو بارودۆخە نائاساییەی لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دروست بوون، لەسەر ئەم پرسانە گفتوگۆی باش کراوە، بەڵام هەتا ئێستا وەك شتی بەڵگەدار جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسیی بەغداوە هەیە، ئەگەرنا ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەباشیی خۆمان پیشان داوە کە هەموو ئەو هەنگاوانەی لەسەری رێککەوتووین جێبەجێیان بکەین، بەتایبەتیش ئەو هەنگاوانەی پەیوەندییان بە ئاساییکردنەوەی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستوورەوە هەیە، کە بریتییە لە کشانەوەی تەواوی هێزەکان بە هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزە سەربازییەکانی دیکەشەوە. لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە پێویستیان بەوەیە کە ژووری هاوبەش و میکانیزمی هاوبەش لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان دروست بکرێت، بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە سوود لەو بۆشاییە وەربگرن کە ئێستا لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقیەکان دروست بووە، بەداخەوە ئێستا بۆشاییەکی گەورە لەنێوانیاندا هەیە و لە هەندێك شوێن دەگاتە نزیکەی ٣٠ کیلۆمەتر، لەم بۆشاییەشدا گرووپە تیرۆریستییەکان بە ئازادی هاتوچۆ دەکەن و، لە زۆر شوێن ئازاری خەڵك و هێزەکانی عێراقیش دەدەن و کێشەش بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دروست دەکەن، بۆ ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەباشی هەیە کە لە ئیمڕۆوە لەگەڵ هێزە عێراقییەکان دەست بەکاری هاوبەش بکەین و باشتریشە ئەگەر هاوپەیمانانیش بەشێك بن لەو کارە هاوبەشە، ئێمە دەبێت واقیعبین بین، شەڕی دژی تیرۆریستان یان دژی داعش شەڕێکی درێژخایەنەو بۆ کۆتاییهێنان بەو شەرەش پێویستمان بە هاوکاریی هەموو لایەك هەیە، لەم چوارچێوەیەدا گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەسەر چەندین ئاست بەردەوامە، پەیوەندییەکی زۆر باش لە نێوان بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان و بەڕێز د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق هەیە، پەیوەندیی زۆر باش لە نێوان وەزارەتەکانی هەرێم و بەغدا بوونی هەیە، هەروەها لە نێوان وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فیدراڵ و وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم لەسەر چەندین ئاست وەك ئاستی هەردوو وەزیر، ئۆرگانەکانی هەردوو وەزارەت پەیوەندییەکی بەردەوام و لێکتێگەیشتنێکی زۆر باش هەیە، بەتایبەتی دوای سەردانی ئەم دواییەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی فیدراڵ کە سەردانێکی زۆر سەرکەوتوو بوو، دەستکەوتی زۆر باشیشی بۆ خەڵکی کوردستان هەبوو، کە دوای جێبەجێکردنیان بە وردی باسی ئەو دەستکەوتانە دەکەین، بە بۆچوونی ئێمە

**بایەخی تەواو بە راییکردنی خێرای مامەڵەی هاووڵاتیان بەبێ دواکەوتن و وەڵامدانەوەی هاووڵاتیانە بە رێزەوە دەدەین، دیارە لەمەدا مەبەست ئەوە نییە دەتوانرێت هەموو داواکارییەکی هاووڵاتی جێبەجێ بکرێت، بەڵکو مەرجە هاووڵاتی هەموو وەڵامێک بە رێزەوە وەربگرێتەوە**

**چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکان و بوونی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بەغدا، فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەرکەوتن و جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**ناوچەکانی مادەی ١٤٠ پێویستیان بەوەیە کە ژووری هاوبەش و میکانیزمی هاوبەش لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان دروست بکرێت، بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە سوود لەو بۆشاییە وەربگرن کە ئێستا لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقیەکان دروست بووە**

**لە نێوان وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فیدراڵ و وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم لەسەر چەندین ئاست وەک ئاستی هەردوو وەزیر، ئۆرگانەکانی هەردوو وەزارەت پەیوەندییەکی بەردەوام و لێکتێگەیشتنێکی زۆر باش هەیە**

وەزیری ناوخۆی حکومەتی فیدراڵ مەبەستێتی باشترین پەیوەندی و هاوکاری لە نێوان وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فیدراڵی و وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە هەردوو وەزارەتەکەوە هەیە چارەسەر بکەین.

*** بەو سیفەتەی ئەندامی شاندی باڵای هەرێم بوویت بۆ بەغدا و بەشداری کۆبوونەوەکان بوویت لە نێوان شاندی هەردوولا لە بەغدا و هەولێریش، ئایا دەتوانی ئەو گەشبینییە بە خەڵکی کوردستان بدەیت کە دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا هاتۆتە ئاراوە؟**

- دەتوانم بە ئێوە و خوێنەرانی گۆڤارەکەشتان بڵێم، ئێمە ئیرادەیەکی بەهێزمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و هەمان ئیرادەش لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە بوونی هەیە، لەمەش زیاتر ئێستا ستافێکی باش لە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بوونی هەیە، ئەمەش دەرفەتێکی مێژووییە بۆ عێراق کە ئیرادەیەکی هاوبەش لەلایەن هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە، بۆیە گەشبینین بەو ئیرادەیە و مەزندە دەکەم دەستکەوتی باشیشی هەبێت.

*** ئەی سەبارەت بەو بڕە پارەیەی بەغدا بۆ مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانی دەنێرێت، چ گەرەنتییەکتان وەرگرتووە؟**

- هەردوولامان کۆکین لەسەر ئەوەی کە نابێت دەست بەرین بۆ قووت و مووچەی خەڵکی کوردستان و نابێت ئەمە بهێنرێتە ناو گفتوگۆکان، لەبەر ئەوەی مووچە مافێکی دەستووریی خەڵکە و حکومەتی عێراق لە هەرێم و پارێزگاکانی عێراق کارمەندی هەیە و بەپێی دەستوور دەبێت مووچەیان دابین بکەن. فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش مافی خۆیانە کە ئەو مافە دەستوورییەیان بۆ دەستەبەر بکرێت، بۆیە ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە ناکەین، بەڵکو گفتوگۆ دەکەین بۆ ئەوەی کێشەکانی دیکە چارەسەر بکەین.

*** بەڵام هاتنی سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق کە لە هەمانکاتدا وەزیری دارایی عێراقیشە، بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی حکومەت و پەرلەمان، هەندێک وا باسی دەکەن، لەسەر ئەم پرسەش کێشەیەک هەبێت؟**

- سەردانی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ هەرێمی کوردستان و هەر سێ سەرۆکایەتیی (هەرێم و حکومەت و پەرلەمان) سەردانێکی ئاسایی بوو، ئامانج لێی گۆڕینەوەی بیروڕا بوو بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و بۆ ئەوە بوو کە وەک سەرۆک کۆمار رۆڵی خۆی لەو پرسەدا ببینێت. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم سەردانەی سەرۆک کۆمار، وا رێککەوت کە جێگری سەرۆک وەزیران کە وەزیری داراییشە لەگەڵ سەرۆک کۆمار پێکەوە بێنە هەرێم، سەبارەت بە سەردانەکەی وەزیری دارایی، پێشتر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بریار بوو شاندێکی هەرێمی کوردستان بچێتە بەغدا بۆ ئەوەی لەسەر پرسی بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ (نەک مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم) گفتوگۆ بکەن، لەبەر ئەوەی ئێستا حکومەتی فیدراڵی خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵی داهاتوون، ئەوجا بۆ ئەوەی پێش ئەوەی پرۆژە یاسای بودجە بنێرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراق، شاندی هەرێم بۆچوونەکانی هەرێم بە حکومەتی فیدراڵ بگەیەنێت، بەڵام ئەوە بوو وەزیری دارایی لەگەڵ سەرۆک کۆمار هاتە هەرێم و ئەو کۆبوونەوەی بریار بوو لە بەغدا بکرێت، لە هەولێر ئەنجام درا، بۆیە ئەمە شتێکی کتوپڕ نەبووە، بەڵکو پێشتر ئامادەکاری بۆ کرابوو، لەسەر ئەم پرسەش دیدوبۆچوونی زۆر باش ئاڵوگۆڕ کرا .

*** بەڵام وەک بینیمان محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش دوای ئەوان سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، ئایا ئامانج لە سەردانەکەی چی بوو؟**

- سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش بۆ هەرێم سەردانێکی ئاساییە، بەرێزیان بانگهێشت کراون بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە خولی دەرچوونی زانکۆی ئەمریکا لە کوردستان، رێورەسمەکەش لە شاری دهۆک بەڕێوەچوو.

*** لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو رێوشوێنانەی کە کابینەی نۆیەم لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە بۆ رێکخستنەوەی دەوامی**

**ئێمە ئیرادەیەکی بەهێزمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و هەمان ئیرادەش لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە بوونی هەیە، لەمەش زیاتر ئێستا ستافێکی باش لە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بوونی هەیە، ئەمەش دەرفەتێکی مێژووییە بۆ عێراق کە ئیرادەیەکی هاوبەش لەلایەن هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە**

**مووچە مافێکی دەستووریی خەڵکە و حکومەتی عێراق لە هەرێم و پارێزگاکانی عێراق کارمەندی هەیە و بەپێی دەستوور دەبێت مووچەیان دابین بکەن. فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش مافی خۆیانە کە ئەو مافە دەستوورییەیان بۆ دەستەبەر بکرێت**

**هەنگاوێکی دیکەی حکومەت، دروستکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی و ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیانە بە رێگەی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت، ئەم هەنگاوە لە وەزارەتی ناوخۆ بەشێکی جێبەجێ کراوە**



**فەرمانبەران گرتوویەتەبەر، ئایا مەبەست لە گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە چی بوو؟**

- لەسەر ئەم پرسە ڕەنگە زۆر قسەی لەسەر دروست بوویێت، بەڵام وەرگرتنی ئەم ڕێوشوێنە لەلایەن حکومەتەوە بۆ دروستکردنی پابەندبوونێك بوو بۆ هەموو کارمەندان بە دەوامەوە، سەرەتا وەزیرەکان و ئینجا کارمەندەکانی دیکە دەبێت بە دەوامی فەرمی (کاتژمێر ٨ی بەیانی تا ٣ی پاش نیوەڕۆ) پابەند بن، ڕەنگە هەندێك گازندەیان لەسەر ئەم پرسە هەبێت، بەڵام پرسی دەوامی فەرمانبەران لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز وای لێ هاتبوو کە پابەندبوون بە دەوام سست ببوو، بۆیە وەرگرتنی ئەم ڕێوشوێنە بە کتوپڕی لەوانەیە فشارێکی بۆ کارمەندان دروست کردبێت، بەڵام لە بەرامبەردا کاردانەوەی ئەرێنی لەسەر ڕاییکردنی کاروباری هاووڵاتیان هەبووە، ئەو بڕیارەش لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بووە، سەبارەت بە تەواوی دامودەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆش، دوای پابەندبوون و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، ئەوەمان پێگەیشتۆتەوە کە هاووڵاتیان تا ڕاددەیەکی زۆر باش ڕازی بوون لەو کارمەندانەی خزمەتگوزارییان پێشکەش کردوون.

*** ئەولەوییەتێکی دیکەی کابینەی نۆیەم، گێڕانەوەی متمانەیە لەنێوان حکومەت و هاووڵاتیان، سەبارەت بە وەزارەتی ناخۆ کە بەشێکی سەرەکی و گرنگە لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری کوردستان، لەوانەیە متمانەیەکی باش لەنێوان ئەم وەزارەتە و هاووڵاتیان هەبێت، ئایا بەرنامەتان بۆ زیاتر پتەوکردنی متمانە لەگەڵ هاووڵاتیان چییە؟**

- وەزارەتی ناوخۆ لە چەند بوارێکی جیاوازدا خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، دیارە لایەنی دابینکردنی ئاسایش یەك لەوانەیە و ئاسایشیش پێکهاتووە لە کۆمەڵێك دەزگای هاوبەش کە بریتین لە (دەزگای هەواڵگری، پێشمەرگە، پۆلیس لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا، ئاسایش) هەموو ئەم دەزگایانە پێکەوە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەکی، ئەو متمانەیەش کە لە نێوان هاووڵاتیان و حکومەتدا هەیە، لەسەر بنەمای ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەیە کە لە هەرێمی کوردستان دابین کراوە، خۆشبەختانەش هەرێمی کوردستان بەراورد لەگەڵ دەوروبەر و زۆر شوێنی دیکەشدا، هەرێمێکی هێمن و ئارام بووە، هەم بۆ هاووڵاتی و هەمیش بۆ خەڵکانی دیکە کە هاتوونەتە کوردستان و کاری بزنس و وەبەرهێنانیان کردووە.

*** ئەی سەبارەت بە لایەنی کارگێڕی کە بەشێکی گرنگی کارەکانی وەزارەتی ناوخۆیە، چیتان کردووە بۆ ئەوەی متمانەی هاووڵاتیان پتر بکەن؟**

**چۆن ڕیزگرتن لە شکۆی هاووڵاتیان لەسەر دامەزراوەکان و کارمەندانی حکومەت ئەرکە، ئەوا حکومەتیش چاوەڕێی ئەوە دەکات لەلایەن هاووڵاتیانەوە پشتگیری بکرێت و شکۆی دامەزراوەکان پارێزراو بێت**

**کار بۆ ئەوە دەکەین، ڕووە گەش و جوانەکەی پۆلیس لەسەر شەقامەکان پیشانی هاووڵاتیان بدەین، ڕاشکاوانەتر نابێت کاری پۆلیس تەنیا لە وەرگرتنی ڕێوشوێنی ئەمنی لە بەرامبەر هاووڵاتی بچووک بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە مامەڵە و پەیوەندی نێوان پۆلیس و هاووڵاتی بگاتە ئەو ئاستەی کە لەنێوان هەردوولا ڕیزگرتنێکی هاوبەش لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە یاسا دروست بێت**

- وەزارەتی ناوخۆ هەوڵدەدات کە زیاتر لە جاران، خزمەتگوزارییەکان رێکوپێکتر و لەکاتی گونجاودا بگەیەنێتە هاووڵاتیان، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان هەست بکەن کە وەزارەتی ناوخۆ لە خەمی دواکاریی خەڵکدایە، هەر بۆ نموونە ئێمە لە دەستپێکی کارەکانماندا هەوڵماندا کەمێك گوشارەکان لەسەر هاووڵاتیان کەم بکەینەوە، بۆ ئەمەش چەند هەنگاوێکمان هەڵگرت:

١. دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی وەزارەت لە پارێزگاکانەوە بۆ قەزا و ناحیەکان، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو هاووڵاتیان ناچار نەبن لەو شوێنانەوە بێن بۆ شارە گەورەکان بە مەبەستی بەڕێکردنی مامەڵەکانیان.

٢. کردنەوەی نووسینگەی پاسپۆرت لە سۆران، کۆیە، ئاکری و زاخۆ.

٣. هەنگاوێکی دیکەی حکومەت، دروستکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی و راییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیانە بە رێگەی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت، ئەم هەنگاوە لە وەزارەتی ناوخۆ بەشێکی جێبەجێ کراوە، ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین، ئەگەر لە داهاتوویەکی نزیکیش نەبێت، لە داهاتوویەکی مامناوەند، زۆربەی مامەڵەکان بە رێگەی ئەلیکترۆنی رایی بکەین، ئەمەش ئاسانکارییەکی گەورەیە بۆ هاووڵاتیان و کۆنتاکتێتکی گەورەش لە نێوان هاووڵاتیان و هەموو ئاستەکانی حکومەت دروست دەکات. هەروەها ئەولەوییەتێکی دیکەمان ئەوەیە کە شکۆی دامەزراوەکانی حکومەتیش پارێزراو بێت، ئەمەش واتە چۆن هەموو هەوڵمان بۆ ئەوەیە شکۆی هاووڵاتیان پارێزراو بێت، دەبێت شکۆی دامەزراوەکانیش پارێزراو بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرەنجام ئەو دامەزراوانە نوێنەرایەتی شکۆی هاووڵاتی دەکەن، بۆیە شتێکی دوولایەنەیە، چۆن ریزگرتن لە شکۆی هاووڵاتیان لەسەر دامەزراوەکان و کارمەندانی حکومەت ئەرکە، ئەوا حکومەتیش چاوەڕێی ئەوە دەکات لەلایەن هاووڵاتیانەوە پشتگیری بکرێت و شکۆی دامەزراوەکان پارێزراو بێت.

*** ئەی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هاووڵاتیان و پۆلیس، دیارە زۆر گرنگە کە پەیوەندییەکی ئەرێنیی بەرز لە نێوان هاووڵاتی و پۆلیسدا هەبێت، ئایا لەم رووەوە هیچ بەرنامەیەکتان هەیە؟**

- ئامانجمان ئەوەیە و کار بۆ ئەوە دەکەین، رووە گەش و جوانەکەی پۆلیس لەسەر شەقامەکان پیشانی هاووڵاتیان بدەین، راشکاوانەتر نابێت کاری پۆلیس تەنیا لە وەرگرتنی رێوشوێنی ئەمنی لە بەرامبەر هاووڵاتی بچووك بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە مامەڵە و پەیوەندی نێوان پۆلیس و هاووڵاتی بگاتە ئەو ئاستەی کە لەنێوان هەردوولا ریزگرتنێکی هاوبەش لەسەر بنەمای رێزگرتن لە یاسا دروست بێت. ئێمە باس لە حکومەتێکی بەهێز دەکەین، بێگومان لەم حاڵەتەدا دەبێت دامەزراوەکانی حکومەتیش بەهێز بن، ئەو هێزەش لە چەسپاندنی سەروەریی یاساوە سەرچاوە دەگرێت، ئێمە قەناعەتی تەواومان بەو بۆچوونە هەیە، ئەگەر یاسا بە یەکسانی و وەك خۆی بە سەر هەموو هاووڵاتیاندا بەبێ جیاوازی جێبەجێ کرا، ئەوا پشتگیری و دڵسۆزیی هاووڵاتیان بۆ حکومەت زیاتر دەبێت، ئەمەش واتە هاووڵاتی دەگاتە ئەو ئاستەی کە دامەزراوەکان و کارمەندەکانی بە موڵکی خۆی بزانێت و خۆیشی بە بەشێك لە دامەزراوەکان بزانێت.

*** لەم ماوەیەی کە وەك وەزیر دەست بەکاربوویت، یەکێك لە بڕیارەکانت هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی چەك هەڵگرتنی هاووڵاتیان بووە، ئەوەش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا قسە و باسی زۆری لەسەر کرا، ئەو بڕیارە چۆن بووە و ئایا هەموو مۆڵەتەکانی چەك هەڵگرتنی هەڵوەشاندووەتەوە؟**

- ئەم پرسە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەو جۆرە باس کراوە کە هەموو مۆڵەتەکانی چەك هەڵگرتنمان هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵام لە راستیدا ئێمە بڕیارمان نەداوە مولەتی چەك هەڵگرتن هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو لە ئێستادا یاسایەکمان هەیە بۆ هەڵگرتنی چەك، ئێمە داوامان کردووە پێداچوونەوە بە بڕگەکانی ئەو یاسایەدا بکرێت، هەروەها پێداچوونەوە بەوەشدا بکرێت بەوەی کێ مافی ئەوەی هەیە مۆڵەتی چەك هەڵگرتنی پێ بدرێت؟ چ جۆرە چەکێك مۆڵەتی پێ دەدرێت؟ ئەو کەسە بە چ هۆکارێك داوای ئەو مۆڵەتە دەکات؟ ئەمەش لەبەر ئەوەیە وەك

**ئێمە قەناعەتی تەواومان بەو بۆچوونە هەیە، ئەگەر یاسا بە یەکسانی و وەک خۆی بە سەر هەموو هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی جێبەجێ کرا، ئەوا پشتگیری و دڵسۆزیی هاووڵاتیان بۆ حکومەت زیاتر دەبێت**

**بڕیارمان نەداوە موڵەتی چەک هەڵگرتن هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو لە ئێستادا یاسایەکمان هەیە بۆ هەڵگرتنی چەک، ئێمە داوامان کردووە پێداچوونەوە بە بڕگەکانی ئەو یاسایەدا بکرێت، هەروەها پێداچوونەوە بەوەشدا بکرێت بەوەی کێ مافی ئەوەی هەیە مۆڵەتی چەک هەڵگرتنی پێ بدرێت؟**

**ئێستا لە هەندێک شوێنی کوردستان مامەڵە بە چەکی قورسی وەک دۆشکە، بی کەی سی، قەناس و هاوەن و... هتد) دەکرێت ئەمە حاڵەتێکی ترسناکە، جیا لەمەش ئەگەر چەکی سووکیش کۆنترۆڵ نەکرێت، لەوانەیە رووداوی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە**

**لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئەم کابینەیە لیژنەیەکی هەمەلایەن لە هەولێر و شارەکانی دیکەی هەرێم دروست کراون و فەرمانیان پێ دراوە کە هەوڵبدەن هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە یاسا لادەدەن و رێز لە یاسا ناگرن و زێدەڕۆیی لەسەر مافی خەڵک و موڵکی گشتی دەکەن، رێوشێنی توندیان بەرامبەر بگیرێتەبەر و دەستگیر بکرێن**

ولاتانی پێشكەوتوو ئەو پرسە ڕێكبخەین كە ئەو كەسەی مۆڵەتی پێ دەدرێت چۆن و لە كوێ و بە چ شێوازێك چەك هەڵدەگرێت. ئێستا لە كوردستان و لە دەرەوەی مۆڵەتی چەك هەڵگرتن، لە هەندێك شوێن لەوانەیە چەكی قورس هەبێت، لە زۆر شوێن چەكی پێشمەرگە و چەكی ئۆرگانە سەربازییەكان دەهێنرێنە هەندێك شوێن كە پێویست ناكات، بۆیە ئێمە داوامان كردووە پێداچوونەوە بە یاسای مۆڵەتی چەك هەڵگرتن بكرێت، بۆ ئەوەی هەوڵێك بدەین دیاردەی چەك هەڵگرتن كەم بكەینەوە، هەروەها ڕێكی بخەینەوە، ئەوجا مۆڵەت بدەینەوە.

*** ئەی سەبارەت بەو شوێنانەی كە مامەڵەی كڕین و فرۆشتنی چەكی تێدا دەكرێت، مەرجەكان بۆ ئەو شوێنانە چین؟**

- ئەم پرسەش پەیوەندی بەوەوە هەیە كە دەبێت چەك لە كوێ بوونی هەبێت؟ چۆن هەڵبگیرێت؟ كێ مامەڵە بە چەكەوە بكات؟ ئایا پێویستە شوێنێك هەبێت بۆ كڕین و فرۆشتنی چەك ؟ ئەگەر وەڵامەكە بەڵێ بێت، ئایا چ جۆرە چەكێك لەو شوێنە مامەڵەی پێوە بكرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بەشێكی زۆری دیاردەی چەكداری چارەسەر دەكات، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئەو شوێنەی مامەڵەی چەند جۆرە چەكێكی سووكی تێدا بكرێت وەك دەمانچە، یان تفەنگێكی كلاشینكۆف، ئەویش لە چوارچێوەی یاسا و كۆمەڵێك مەرجدا بۆ ئەو كەسانەی پێویستیان پێیەتی، ئەوجا لەبەر هەر هۆكارێك بێت، بەڵام ئێستا لە هەندێك شوێنی كوردستان مامەڵە بە چەكی قورسی وەك دۆشكە، بی كەی سی، قەناس و هاوەن و...هتد) دەكرێت ئەمە حاڵەتێكی ترسناكە، جیا لەمەش ئەگەر چەكی سووكیش كۆنترۆڵ نەكرێت، لەوانەیە ڕووداوی نەخوازراوی لێ بكەوێتەوە، هەروەك چەندین جار گوێبیست بووین كە گەنجێك لەسەر مۆبایلێك، یان لادانێكی هاتوچۆ كوژراوە، بۆیە هەموو هەوڵمان بۆ ئەوە دەبێت ئەم لایەنە ڕێكبخەینەوە و ئەركی سەرەكیی ئێمە دابینكردنی ئاسایش و ئارامییە بۆ ئەوەی شكۆی هاووڵاتی پارێزراو بێت.

*** باسی شكۆی دامەزراوەكانی دەوڵەتت كرد، بەڵام لەو ماوەیە گوێبیستی ئەوە بووین هەندێك لە خەڵك پەیدا بوون تەحەددای شكۆی دامەزراوەكانی دەوڵەت دەكەن و زیادەڕۆیی لەسەر موڵكی گشتی و تایبەت دەكەن، بەرامبەر بەو خەڵكانە چ ڕێوشوێنێكتان وەرگرتووە؟**

- ئەم دیاردەیەش، وەك تێكڕای دیاردە ناشرینەكانی ناو ئەم كۆمەڵگەیە، بەرەنجامی كەڵەكەبوونی كۆمەڵێك كێشەیە، هەر لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە تا ئێستا، بەڵام لەگەڵ دەستبەكاربوونی ئەم كابینەیە لیژنەیەكی هەمەلایەن لە هەولێر و شارەكانی دیكەی هەرێم دروست كراون و فەرمانیان پێ دراوە كە هەوڵبدەن هەموو ئەو خەڵكانەی كە لە یاسا لادەرن و ڕێز لە یاسا ناگرن و زیدەڕۆیی لەسەر مافی خەڵك و موڵكی گشتی دەكەن، ڕێوشوێنی توندیان بەرامبەر بگیرێتەبەر و دەستگیر بكرێن، لەم چوارچێوەیەدا لە هەولێر خەڵكێكی زۆری دەستڕۆیشتوو دەستگیر كراون كە ڕەنگە پێشتر زیدەڕۆیی زۆریان لە زۆر بواردا كردبێت، بەڵام نەیانتوانیوە بەرامبەر مەفرەزەكانی ئەو لیژنە هاوبەشە ڕابوەستن و ڕێوشوێنی یاسایی توند لە دژیان وەرگیراوە و دەدرێنە دادگا. من دەستخۆشی لە هەموو ئەو دامودەزگایانە دەكەم كە نوێنەریان لەو لیژنە هاوبەشە هەیە، ئەم ڕێوشوێن وەرگرتنە بە فەرمانی بەڕێزان سەرۆك بارزانی و ئاگاداریی سەرۆك وەزیرانە و نابێت ڕێگە بە هیچ كەسێك بدرێت لە سەرووی یاساوە بێت .

*** ئایا تاچەند جێبەجێكردنی پلانی وەزارەتی ناوخۆ پێویستی بە گۆڕانكاری لە هەیكەلی ئیداریی وەزارەتەكە هەیە؟ ئایا دەكرێت بڵێین گۆڕینی پارێزگاری هەولێر دەستپێكی ئەو گۆڕانكارییانە بووە؟**

- هەموو ئۆرگانێك، یان دامەزراوەیەك ماوە ماوە پێویستی بە گۆڕانكاری هەیە، پێویستی بەوەیە كە هەیكەلەكەی بگونجێندرێت لەگەڵ داواكاری و پێداویستییەكانی سەردەم و ئەو خزمەتگوزارییانەی كە وەزارەت، یان ئەو دامەزراوەیە پێشكەشی دەكات، لەسەر ئەم پرسە من لەگەڵ ئۆرگانەكانی وەزارەت كۆ بوومەتەوە و باسم كردووە كە ئێمە گۆڕانكاری دەكەین، بەڵام گۆڕانكاری بە مانای سزادان و لێپرسینەوە نا، بەڵكو گۆڕانكاری دەكەین لەبەر ئەوەی لە

**ژمارەی ئەو قوربانییانەی كە بە ماوەی ساڵێك بە هۆی هاتوچۆوە دەیدەین، جێگای داخ و نیگەرانی هەموو لایەكمانە**

**پرسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، یەكێكە لە پرسە سەرەكییەكانی وەزارەتی ئێمە و هەروەها یەكێك لە ئەولەوییەتەكانی ئەم كابینەیەش وەك كابینەكانی ڕابردوو پرسی جێندەر و گرنیگدانە بە مافی ئافرەت و پاراستنی ڕۆڵی ئافرەتە لەناو كۆمەڵگەی كوردستان**

**خاتوو جینین هینیس نوێنەری سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لە عێراق، لە كۆبوونەوەیەكی تایبەت بە عێراق، ئاماژەی بە خاڵێكی گەشی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان كردبوو كە بایەخێكی گرنگ بە ئافرەت و بابەتی جێندەری داوە، باسی ئەوەی كردبوو كە لە كوردستان جیا لەوەی سێ وەزیری ئافرەت هەن، لە هەمانكاتدا سەرۆكی پەرلەمانیش ئافرەتە**

**ئێستا لە عێراقدا یاسایەکی باش بۆ بنبڕکردنی ماددەی هۆشبەر دەرچووە، ئێمەش لەبەر رۆشنایی ئەو یاسایە خەریکین جارێکی دیکە یاسای بنبڕکردنی ماددەی هۆشبەر هەموار بکەینەوە، ئێستا ئەو لیژنە هاوبەشە ئەم پرسەیان تەواو کردووە و راوانەی ئەنجومەنی وەزیرانیان کردووە، بۆ ئەوەی بینێرن بۆ پەرلەمان و پەسەند بکرێت**

**پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییانە بۆ ئەوەیە کە زۆر بە توندنی لەگەڵ بازرگانانی ماددەی هۆشبەر مامەڵە بکرێت و تاوانباران بدرێنە دادگا و سزای خۆیان وەربگرن**

**لەم ماوەیەش رێوشوێنی کارگێڕیمان وەرگرتبێت و چەندین چالاکیشمان ئەنجام دابێت، هەموویمان بە ئەرکی خۆمان زانیوە و نەمانداوە بە میدیاکان، ویسووتمانە خەڵک ئەنجامەکەی ببینێت**

**سەرەتای دەست بەکاربوونمانەوە بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی گوتین: ئێمە هاتووین کار بکەین و کەم قسە بکەین، لەسەر ئەم بنەمایەش ئێمە زۆر کار دەکەین و کەمی بۆ میدیاکان باسی دەکەین**

رووی کارگێڕییەوە پێویستمان بە گۆڕانکاری هەیە، بۆیە گۆڕانکارییەکان بەردەوام دەبن، لە سەر ئاستی پارێزگای هەولێر، پارێزگایەکی نوێ دەست بە کار بووە، ئەمەش خۆی هەنگاوێکیترە بۆ ئەوەی لە خوار پارێزگارەوە، لە قەزاو ناحیەکان و ئیدارەی پۆلیس و لەسەر ئاستی پاریزگاکان گۆڕانکارییەکان دەست پێ بکەین، بۆیە لە داهاتوویەکی نزیکیشدا دەست بە گۆڕانکارییەکان دەکەین هەر لە هەولێرەوە تا شوێنەکانی دیکەش.

*** پرسێکی دیکەی هەستیار کە بەشێکە لە وەزارەتی ناوخۆ، پرسی هاتوچۆیە، ئایا سەبارەت بە رێکخستنەوەی ئەم بوارە پلانتان چییە؟**

- بە راستی سێکتەری هاتوچۆ یەکێکە لەو سیکتەرانەی کە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ژیانی خەڵك هەیە، بەداخەوە ئێمە رۆژانە قوربانیی رووداوەکانی هاتوچۆمان هەیە، لەوانەیە بە دروستی ژمارەی قوربانییەکانم لا نەبێت، بەڵام ژمارەی ئەو قوربانییانەی کە بە ماوەی ساڵێك بە هۆی هاتوچۆوە دەیدەین، جێگای داخ و نیگەرانی هەموو لایەکمانە، هۆکاری سەرەکی بۆ ئەمە لە سێ خاڵدا چڕ دەکەمەوە:

١. خراپیی بەشێك لە رێگاوبانەکانی کوردستان.

٢. خودی شوفێرەکان و پابەندنەبوونیان بە یاساکانی هاتۆچۆ.

٣. پۆلیسی هاتوچۆ کە زیاتر پشتیان بە کامێرای چاودێریی خێرایی بەستووە.

زۆر گرنگە ئێمە کار لەسەر ئەم سێ هۆکارە بکەین، ئێمە لە بەرنامەماندایە کە وابکەین پۆلیسی هاتۆچۆ زیاتر لەسەر شەقام و رێگە دەرەکییەکان بوونی هەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە رەنگە هەندێك جار بە تەنیا پشتبەستن بە کامێراکانی چاودێری بەس نەبێت، بۆیە ئەگەر پۆلیسی هاتوچۆ لە شەقام و رێگەکانی دەرەوە بوونیان هەبێت، ئەوا ئەگەر شۆفێرێك زیادەڕۆیی لەسەر یاساکانی هاتوچۆ کرد، پۆلیس بتوانێت رێوشوێنێکی بەرامبەر بگرێتەبەر، نەك تەنیا بە تەمای کامێرای چاودێری بین و دواتر لە گەڵ رووداوەکە و ئاکامی رووداوەکە مامەڵە بکەین. ئێمە هەوڵدەدەین چەندی بتوانین رێگە لە روودانی رووداوەکانی هاتوچۆ بگرین.

*** پرسێکی دیکە کە ئەویشان ئەرکێکی گرنگی دیکەی وەزارەتی ناوخۆیە، پرسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانە، ئایا لەم بوارەدا بەرنامەتان چییە؟**

- پرسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکانی وەزارەتی ئێمە و هەروەها یەکێك لە ئەولەوییەتەکانی ئەم کابینەیەش وەك کابینەکانی رابردوو پرسی جێندەر و گرنگیدانە بە مافی ئافرەت و پاراستنی رۆڵی ئافرەتە لەناو کۆمەڵگەی کوردستان، ئەمەش لە بەشداریی کارای ئافرەت لە کابنیەی نۆیەم رەنگی داوەتەوە کە سێ لە وەزیرەکان خانمن و هەروەها سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش خانمە، کە ئەمەش حاڵەتێکە لەسەر ئاستی عێراق و تا رادەیەك ناوچەکەش وەك دیاردەیەکی پێشکەوتن سەیر دەکرێت، تەنانەت خاتوو جینین هینیس نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە عێراق، ئاماژەی بە خاڵێکی گەشی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبوو کە بایەخێکی گرنگ بە ئافرەت و بابەتی جێندەری داوە، باسی ئەوەی کردبوو کە لە کوردستان جیا لەوەی سێ وەزیری ئافرەت هەن، لە هەمانکاتدا سەرۆکی پەرلەمانیش ئافرەتە. ئەمەش ئاماژەیەکی روونە کە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێمەش وەك وەزارەتی ناوخۆ گرنگی بەو بابەتە دەدەین و لە ئەولەوییەتی کارەکانمان دەبێت.


*** پرسێکی دیکە کە مەترسی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان دروست کردووە، بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر و بڵاوبوونەوەیەتی لە کوردستان، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی بەتایبەتی لەسەر توێژێکی گەنجان بووە، ئایا تاچەند پلانتان بۆ رێگرتن لەم پەتا ترسناکە هەیە؟**

- بابەتی مادده هۆشبەرەکان بۆ هەر کۆمەڵگەیەك هەڕەشەیەکی جددی و ترسناکە، ئەم پەتایە رووبەڕووی کوردستانیش دەبێتەوە، چونکە هەرێمی کوردستان بە حوکمی پێگە جوگرافییەکەی و نزیکی لە سەرچاوەکانی چاندن و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، بۆئەوەی

هەرێمەکەمان نەبێتە ڕێڕەوێك بۆ بازرگانیکردن و لە هەندێك حاڵەتدا بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر، بۆیە لە وەزارەتی ناوخۆ بڕیارمان داوە ئەو بۆشاییە یاساییانە پڕبکەینەوە، وەك ئەولەوییەتی کاری ئەم کابینەیەش، لیژنەیەکمان پێکهێناوە لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ بابەتی تەندروستیی هاووڵاتیان بەگشتی و بنبڕکردنی ماددە هۆشبەرەکان بە شێوەیەکی تایبەتی. ئێستا لە عێراقدا یاسایەکی باش بۆ بنبڕکردنی ماددەی هۆشبەر دەرچووە، ئێمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسایە خەریکین جارێکی دیکە یاسای بنبڕکردنی ماددەی هۆشبەر هەموار بکەینەوە، ئێستا ئەو لیژنە هاوبەشە ئەم پرسەیان تەواو کردووە و ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانیان کردووە، بۆ ئەوەی بینێرن بۆ پەرلەمان و پەسەند بکرێت، دیارە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییانە بۆ ئەوەیە کە زۆر بە توندی لەگەڵ بازرگانانی ماددەی هۆشبەر مامەڵە بکرێت و تاوانباران بدرێنە دادگا و سزای خۆیان وەربگرن، لە هەمانکاتدا گرنگی زیاتر بەو کەسانە بدرێت کە تووشی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرکان بوون، ئەمانە دەبێت وەك نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەك وەك تاوانبار و بە ڕێگەی چاکسازی تەندروستی و هزری پێویستە کاریان لەسەر بکرێت و دووبارە ئامادەیان بکەینەوە بۆ کۆمەڵگە.

*** وەك دوا پرسیار باس لەوە دەکرێت کۆمەڵێك کاری دیکەتان ئەنجام داوە و ناتانەوێت بە میدیاکانی ڕابگەینن، ئایا دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارەشمان بدەیتەوە؟**

- پرسکە بەو جۆرە نییە کە بمانەوێت لە ئێوەی بشارینەوە، بەڵکو لە سەرەتای دەست بەکاربوونمانەوە بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی گوتین: ئێمە هاتووین کار بکەین و کەم قسە بکەین، لەسەر ئەم بنەمایەش ئێمە زۆر کار دەکەین و کەمی بۆ میدیاکان باس دەکەین، هەر بۆیە لەم ماوەیەش ئەگەر ڕێوشوێنی کارگێڕیمان وەرگرتبێت و چەندین چالاکیشمان ئەنجام دابێت، هەموویمان بە ئەرکی خۆمان زانیوە و نەمانداوە بە میدیاکان، ویسووتمانە خەڵك ئەنجامەکەی ببینێت.



**ڕێبەر ئەحمەد خالد**

لە دایکبووی ١٩٦٨

● **ئاستی زانستی:**

- بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری شارستانی، زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩٧
- ماستەر لە بواری ئاسایشی نیشتمانی لە زانکۆی ئاسایشی نیشتمانی عێراقی لە بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٧.

● **شارەزایی کارکردن:**

- پلەی لیوایە و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگیی هاوبەش لە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ٢٠١٢ تا ئێستا.
- بەڕێوەبەری شیکردنەوەی هەواڵگری لە ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ٢٠٠٥-٢٠١٢.
- بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراو لە بەرگریی سەر بە دەزگای پاراستن ٢٠٠٠-٢٠٠٥
- بەڕێوەبەری بەدواداچوون لە مەکتەبی ڕێکخستن ١٩٩٧-٢٠٠٠

● **کاری ڕێکخراوەیی و حزبی:**

- ئەندامی لیژنەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ١٩٩٣-١٩٩٧.
- ئەندامی مەکتەبە لە پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٩٧ تا ئێستا.
- ئەندامی ڕێکخراوی شانەدەر بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠.
- ئەندامی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان.

● **زمان:**

- زمانی کوردی (زمانی دایك).
- زمانی عەرەبی.
- زمانی ئینگلیزی.
- زمانی فارسی.



# خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان ١٩٩١ - ٢٠١٩

## شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن





**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ گولانی نووسیوە

## پێشەکی

خوێندنەوەی باکگراوندی ئەم بابەتە روونکردنەوەیەکە سەبارەت بەو راستییەی کە لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١وە تەنیا یەك زانکۆ بە ناوی زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێرو سێ پەیمانگەی تەکنیکی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوون، دوای ئەوەو بە هەنگاوێکی بوێرانە، لە ساڵی ١٩٩٢دا دوو زانکۆی دیکە بەناوی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆك دامەزران، لە ساڵی ١٩٩٣شدا پەرلەمانی کوردستان یاسای ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ رێکخستنەوەی ئەم پرۆسەیە دەرکرد، کورتەی ئەم یاسایە بریتی بوو لە: پێکهێنانی ئەنجومەنێك بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و ئەندامێتیی بەڕێزان سەرۆکی زانکۆکان و وەزیری پەروەردەو سێ پسپۆڕ بەپلەی پڕۆفیسۆر، کارەکانی ئەنجومەنەکەش بریتی بوون لە داڕشتنی ستراتیجیەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و ئاماژەکردن بە دەسەڵاتی زانکۆکان و پێکهاتەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئەم یاسایەش لە ساڵی ١٩٩٣وە تا ساڵی ٢٠٠٤ پەیڕەودەکرا، لە ماوەی ئەو دە ساڵەشدا ئەم لایەنە گرنگە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، چ لە رووی ژمارەی مامۆستایان و قوتابییانەوە، چ لە رووی خوێندنی باڵای وەك ماستەر و دکتۆراوە، هەرچەندە بارودۆخەکە سەخت بوو، بەهۆی سەپاندنی دوو گەمارۆی عێراقی و نێودەوڵەتی بە سەر هەرێمی کوردستاندا.

## پاڵپشتیی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی بۆ خوێندنی باڵا

رەوڕەوەی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو بە پشتبەستن بەو مامۆستایانەی کۆچیان نەکردو لە کوردستان مانەوە، وێڕای ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیریی تەواوی خوێندنی باڵای دەکرد، لە سەرووی هەموویانیشەوە رێزدار مسعود بارزانی کە بەڕێزیان تاکە یارمەتی داواکرد بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەکەو مامۆستایان لە وڵاتی نەمسا، تەنانەت بەو شێوەیە پاڵپشتیی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەکرد کە

**رەوڕەوەی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو بە پشتبەستن بەو مامۆستایانەی کۆچیان نەکردو لە کوردستان مانەوە**

**پتر لە(١٠)هەزار مامۆستای زانکۆ لە هەڵگرانی بڕوانامەی زانستی (دکتۆراو ماستەر) و لە پلەی زانستیی جیاجیای پڕۆفیسۆرو پڕۆفیسۆری یاریدەدەرو مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر هەن، ئەمە وێڕای ١٥٠ هەزار قوتابی و خوێنکاری بەکالۆریۆس، لە پاڵ ٨ هەزار قوتابی وخوێندکاری ماستەرو دکتۆرا**

لە زۆر بۆنەکاندا دووپاتی دەکردەوە کە ئامادەیە ببێتە پاسەوانێك لەبەردەرگای زانکۆ.

ئەگەر بە ژمارە ئاماژە بەم لایەنە بکەین لە ساڵی ١٩٩١ واتا لە دوای راپەڕینەوە تەنیا (١٥٠) مامۆستا لە زانکۆ مانەوە، هاوکات ژمارەی قوتابیانی زانکۆش لەنێوان (٢٠٠٠ تا ٢٥٠٠)دا بوون و ژمارەی فەرمانبەرانیش لە (١٠٠٠) کەمتر بوو، بەڵام لەم ماوەیەی رابردوودا ئەم ژمارانە گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هات. لە ساڵی ٢٠٠٤ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان دەرچوو، ئەم یاسایە دەسەڵاتەکانی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزارەت و زانکۆکانی دەستنیشان کرد و دەستەی پەیمانگای تەکنیکیش هاتەکایەوە، لە رووی دارایی و لەرووی ئەکادیمی، لە رووی کارگێڕیشەوە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦ لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دامەزرا، یاسایەکی تایبەت بە ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەرچوو بە رەچاوکردنی گۆڕانکاریی ناوخۆیی و دەرەکی و سەردەمیانە لە رووی ئەکادیمییەوە، ئەم یاسایە تا رادەیەك سەردەمییانە بوو، هاوکات لەگەڵ پێوەرەکانی ئەکادیمیی دەرەوەش گونجاو بوو، یاساکەش پتر لە (٥٠) ماددەی لەخۆ گرتبوو، هەر لە دەسەڵاتەکانی وەزارەت و ئەنجومەنی زانکۆو سەرۆکانی زانکۆ و راگرانی کۆلێژ و ئەنجومەنی کۆلێژ و چەند دامەزراوەیەکی نوێش هاتنەکایەوە، بەتایبەتی دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی کە لە ئاستی زانکۆیەکی توێژینەوەدا بوو، هاوکات بۆردی کوردستانی بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان، وێڕای چەندین زانکۆی تازە وەك زانکۆی کوردستان کە بە پێوەری تازەی ئەکادیمیی نێودەوڵەتی دامەزرا، هەروەها زانکۆی هەولێری پزیشکی و زۆری دیکە.

هەر لە رووی پێشکەوتنی خوێندنی باڵادا یاسایەکی گرنگ دەرچوو کە بریتی بوو لە یاسای خزمەتی زانکۆیی بە ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٨ کە لە بەغدا دەرچووبوو و لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کرا، یاساکە کۆمەڵگەی ئەکادیمیی زانکۆی رێکخست، لە رووی ماف و ئیمتیازاتی مامۆستایانی زانکۆ و چۆنێتیی بەرێوەچوونی پرۆسەی ئەکادیمی لەنێو زانکۆکاندا. دەتوانین بڵێین کە ئەم یاسایە دەستکەوتێك بوو بۆ گۆڕینی ژیانی کۆمەڵگەی ئەکادیمی، نەك بەتەنیا لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لە عێراقی فیدراڵیشدا.

**بە بەشێک لە پارەی پترۆڵ ژمارەیەکی زۆری قوتابیان چوونە دەرەوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا کە ژمارەیان ٣٠٠٠ قوتابی و خوێندکار بوو، کە لەو ژمارەیە ٢٠٠٠ یان هاتوونەتەوەو ١٠٠٠ ی دیکەش لە خوێندن بەردەوامن**

### ● زیادبوونی ژمارەی زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان

بە درێژایی کابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆر خرایە گەڕ کە پرۆژە یاسایەکی دیکە بۆ خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەربچێت، بەڵام گۆڕانکاریی بەپەلەی کابینەکان تا رادەیەك ئەستەم بوو بەرامبەر ئەم مەسەلەیە، بۆ نموونە: لە کابینەی شەشەم و دواتریش لە کابینەی حەوتەمدا پرۆژە یاسایەك پێشکەش کرا، هەروەها خودی ئەنجومەنی وەزیرانیش پرۆژە یاسایەکی هەبوو، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەم هەموو پرۆژە یاسایانە بۆچی؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: کۆمەڵگەی ئەکادیمی کۆمەڵگەیەکی ئەکادیمییە و گۆڕانکاریی بەپەلە بەخۆیەوە دەبینێت، لێرەدا گرنگە کە ئاماژە بەوە بکەین کە لە رووی خوێندنی تەکنیکییەوە، زانکۆی پسپۆڕی پۆلیتەکنیکی لە هەریەك لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك دامەزران، ئەمە وێڕای دامەزراندنی چەندین زانکۆی دیکە لە دەڤەری جیاجیا کە زۆر پێویست بوون تاکو بتوانن خزمەت بەو شوێنانە بکەن، بۆ نموونە: زانکۆکانی هەڵەبجەو راپەڕین و گەرمیان و کۆیەو سۆران و زاخۆ، سەرئەنجام ژمارەی زانکۆکان گەیشتنە (١٦) زانکۆی حکومی، لەلایەکی دیکەوە دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین کە لە ساڵی ٢٠٠٥وە پرۆسەی خوێندنی تایبەت لە خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەستی پێ کرد، پرۆسەکە بەوە دەستی پێکرد کە سەرەتا چەند رێنماییەك دانرا تایبەت بە کردنەوەی زانکۆو کۆلێژی ئەهلی، بەو شێوەیە دەبینین چەند کۆلێژ و زانکۆیەکی ئەهلی دامەزران لەوانە، زانکۆی نەورۆزو زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و

**خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا نموونەیەکی سەرکەوتووی دیپلۆماسییەتی ئەکادیمی بوو لەگەڵ جیهانی دەرەوە، ئەوەش خۆی لە رێککەوتنەکانی ئەکادیمیی زانکۆکانی ناوخۆو دەرەوەو پەیوەندی لەگەڵ کونسوڵخانەکانی وڵاتان کە لە هەرێمی کوردستانن، دەبینێتەوە**

زانكۆی جیهان و زانكۆی لوبنانی- فەرەنسی، دواتریش بیر لەوە كرایەوە كە یاسایەكی تایبەت بۆ زانكۆ تایبەتەكان دەربچێت، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠١٢ ئەم یاسایە دەرچوو، كە توانی كاروباری ئەم زانكۆ تایبەتییانە رێك بخات كە ژمارەیان دەگاتە ١٦ زانكۆ.

**● (١٠) هەزار مامۆستای هەڵگری ماستەرو دكتۆرا و (١٥٠) هەزار قوتابی**

لێرەدا دەمەوێت بە ژمارەو ئامار ئاماژە بەو پێشكەوتنانە بكەم، لەوانە پتر لە(١٠)هەزار مامۆستای زانكۆ لە هەڵگرانی بڕوانامەی زانستی (دكتۆراو ماستەر) و لە پلەی زانستیی جیاجیای پرۆفیسۆرو پرۆفیسۆری یاریدەدەرو مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر هەن، ئەمە وێڕای ١٥٠ هەزار قوتابی و خوێندكاری بەكالۆریۆس، لە پاڵ ٨ هەزار قوتابی وخوێندكاری ماستەرو دكتۆرا، جگە لەمە پەیوەندیی ئەكادیمی نێوان زانكۆكانی هەرێمی كوردستان و زانكۆكانی دەرەوە دەستی پێ كرد، سەرەتا بە پرۆسەی ناردنی قوتابیان بۆ تەواوكردنی خوێندنی ماستەرو دكتۆرا لە زۆر وڵاتان لە پێشەوەی هەمووانەوە مالیزیا دواتر رووەو دەوڵەتانی عەرەبی و بەریتانیاو ئەمریكا، پرۆسەی تواناسازی یەكێك بوو لە پرۆسە هەرە پێشكەوتنەكان كە هەرێمی كوردستان پەیڕەوی كرد، كە بە بەشێك لە پارەی پترۆڵ ژمارەیەكی زۆری قوتابیان چوونە دەرەوە بۆ تەواوكردنی خوێندنی ماستەرو دكتۆرا كە ژمارەیان ٣٠٠٠ قوتابی و خوێندكار بوو، كە لەو ژمارەیە ٢٠٠٠ یان هاتوونەتەوەو ١٠٠٠ ی دیكەش لە خوێندن بەردەوامن، جگە لەوانەی كە لەسەر ئەركی خۆیان دەچن و خوێندنی باڵا تەواودەكەن، بەشێكی دیكەش لەسەر ئەركی حكومەت ئەویش بە وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن روو لە دەرەوە دەكەن.

پرسیارێك دێتەئاراوە تایبەت بەوەی كە چۆنێتی و چەندایەتیی ئەو پێشكەوتنە لە چیدایە؟ لە وەڵامدا دەڵێین لە رووی چەندایەتی و چۆنێتیدا تا رادەیەك بە رەچاوكردنی پێوەرەكانی ئەكادیمیی زانستی لە دڵنیایی جۆری و متمانە و پەیوەندیی ئەكادیمی پێشكەوتنەكە بەرچاوە، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت كە ماوە بە ماوە پێداچوونەوە بكرێت، من وای بۆ دەچم كە خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی كوردستاندا نموونەیەكی سەركەوتووی دیپلۆماسییەتی ئەكادیمی بوو لەگەڵ جیهانی دەرەوە، ئەوەش خۆی لە رێككەوتنەكانی ئەكادیمیی زانكۆكانی ناوخۆو دەرەوەو پەیوەندی لەگەڵ كونسوڵخانەكانی وڵاتان كە لە هەرێمی كوردستانن، دەبینێتەوە، هەروەها وڵاتانی چین و فەرەنساو بەریتانیاو ئەمریكا و ئێران و توركیا رۆڵێكی بەرچاویان بینی لەم پەیوەندییانەدا كە ئێمە بە ئەكادیمیای دیپلۆماسی دادەنێین.

**● تەوەرەكانی هەڵسەنگاندن: مامۆستا، قوتابی، پرۆگرامەكانی خوێندن**

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی شیكردنەوەكەی بەم شێوەیە بوو، بۆ لایەنی هەڵسەنگاندنیش دەبێ لەسەر بنەمای خوێندنەوەی چەند تەوەرێك بێت، تەوەری قوتابی، تەوەری مامۆستا، تەوەری پرۆگرامەكانی خوێندن، سەبارەت بە تەوەری قوتابی: گۆڕانكارییەكی بەرچاو لە ژمارە و لە ویستی خوێندن لای قوتابییان هەبوو، چ لە خوێندنی حكوومی، یان ئەهلی، یان خوێندن لە دەرەوەو لە هەموو بوارێكدا، ئەمە كاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر بوارەكانی مەعریفی هەبوو. تەوەری مامۆستا: دیارە ژمارەیان گەیشتە ئاستێكی بەرچاو، لە ئەنجامی تەواوكردنی خوێندنی باڵاو پەرەپێدانی تواناكانیان و بەشداریكردنیان لە وۆرك شۆپ و سیمینارەكان لە دەرەوەو هاوكاریی رێكخراوە نێودەوڵەتییەكان بەتایبەتی یۆنسكۆو بانكی نێودەوڵەتی، لە ستراتیجیەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە لە هەرێمی كوردستان ئێستا مامۆستاكان بە شێوەیەك پێشڤەچوونێك بەخۆیانەوە دەبینن، هەر لە وانەگوتنەوە و لە هۆڵەكانی خوێندن و پەیوەندی لەگەڵ قوتابیان و خوێندكاران، تەوەری پرۆگرامەكانی خوێندن: نزیكەی ١٥ ساڵە بۆ گۆڕانكاری كاریان لەسەر دەكرێت، هەر لە زمانی خوێندنەوە، هەندێ پرۆگرام هەن بە زمانی ئینگلیزی وەك بواری پزیشكی و ئەندازیاری و زانستەكان، هەندێ بوار بە زمانی كوردی وەكو بوارە مرۆڤایەتییەكان بە كوردی و ئینگلیزی،

**گۆڕانكارییەكی بەرچاو لە ژمارە و لە ویستی خوێندن لای قوتابییان هەبوو، چ لە خوێندنی حكوومی، یان ئەهلی، یان خوێندن لە دەرەوەو لە هەموو بوارێكدا، ئەمە كاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر بوارەكانی مەعریفی هەبوو**

**مامەڵەی راگەیاندن لەگەڵ مەسەلەی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیدا تا رادەیەك بەرپرسیارانە بووەو پێوەرە پیشەییەكانیان رەچاو كردووە و بابەتییانەو بێلایەنانە باسی ئەم مەسەلانەیان كردووە**

هەندێکیش بە زمانی عەرەبی وەکو بواری زانستە ئیسلامییەکان. بۆیە پێداچوونەوەیەکی چاك بە پرۆگرامەکانی خوێندن کراوە، سەرەتا لە خوێندنی یاسا کە ئێستا پێنج ساڵە، دوای ئەویش لە پرۆگرامەکانی کۆلێژی پزیشکی، ئینجا لە بوارەکانی ئەندازیاری و کۆمەڵناسی و کشتوکاڵی، ئەم گۆڕانکارییانەش بە شێوەیەك ئەنجامدراون کە لەگەڵ پێوەرکانی سەردەمدا بگونجێن.

## ● گرنگیی توێژینەوەی زانستی و کێشەکانی کۆمەڵگە

تەوەرێکی گرنگ هەیە کە مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، ئەویش تەوەری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستییە، سەبارەت بە خوێندنی باڵا واتا ئامادەکردنی کادیری ئەکادیمی بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەو دەستووری و یاسایی و حکومەت و پەرلەمان و فەرمانگەکان تەنانەت کەرتی تایبەتیش، بەڵام توێژینەوەی زانستی خۆی لە ماستەرو دکتۆرا دەبینێتەوە، چ لە ناوخۆ، یان لە دەرەوە، کە مامۆستا و توێژەری ئەکادیمی ئامادەدەکات. لایەنی گرنگی توێژینەوەی زانستی لە بواری خوێندنی باڵا پێشکەوتنی بەرچاوی هەیە، بەڵام لە بواری توێژینەوەی زانستیدا بەتایبەتی پەیوەستکردنی ئەم توێژینەوانە بە کێشەکانی کۆمەڵگە ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە زیاتر بە قووڵی دیراسەت بکرێت، سەرەتا دەبێت ئەنجومەنێك یان دەستەیەکی توێژینەوەی زانستی هەبێت، بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری توێژینەوەی زانستی، هاوکات ئەوە روون بکرێتەوە توێژەرانی زانستی کێن و ماف و ئەرکیان چییە، مەرجیش نییە مامۆستای زانکۆ توێژەری زانستی بێت، بەڵام دەشتوانێت توێژەری ئەکادیمی بێت، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ لە داهاتوودا کاربکەین بۆ ئەکتیڤکردنی بواری توێژینەوەی ئەکادیمی و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە بەو توێژینەوانە.

## ● مامەڵەی بابەتییانەی (گوڵان) لەگەڵ دۆسیەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

ئاشکرایە لەم ماوەی رابردوو ژمارەیەکی بەرچاو لە ماستەرنامە و دکتۆرانامەکان باسی زۆر لە کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان دەکەن و ئەوانەی پەیوەستن بە هەرێم و عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، بەڵام پێویستە دامەزراوە دەستوورییەکان وەك پەرلەمان و حکومەت و وەزارەتەکان و دەسەڵاتی دادوەری و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە بکەن و سوود لەو توێژینەوانە وەربگرن، مامەڵەی راگەیاندن لەگەڵ مەسەلەی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیدا تا رادەیەك بەرپرسیارانە بووەو پێوەرە پیشەییەکانیان رەچاو کردووە و بابەتییانەو بێلایەنانە باسی ئەم مەسەلانەیان کردووە، دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان کێشەکانی رۆژانەی تاك تاکەی خوێندنی باڵاو نێوان بابەتە ستراتیژییەکان، لێرەدا دەستخۆشی لە گۆڤاری (گوڵان) دەکەم کە زۆر بابەتییانە مامەڵەی لەگەڵ دۆسیەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کردووە لەبەر رۆشنایی ئەزموونی خۆم لە کارکردن لەم وەزارەتە لەگەڵ ئەم گۆڤارە لە ساڵانی رابردوو، کە بە بەرپرسیارێتی و ئەمانەتەوە باسی لە تەوەرکانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەکردو دەرگای ئەم گۆڤارە کرابۆوە بۆ پسپۆڕە زانستییەکان و مامۆستا ئەکادیمییەکان. هەڵبەتە چەند هەنگاویش هەڵێنراوە لە بواری توێژینەوەی زانستی، بۆ نموونە بۆردی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی زانستی پێکهێنرا، هەروەها زۆر وۆرك شۆپی پسپۆڕی ئەنجام درا، لە داهاتووشدا پێویستیمان بەوە هەیە چەند وۆرك شۆپێکی ئەکادیمی لە بواری خوێندنی باڵا (ماستەرو دکتۆرا) و یەکسانیکردنی بڕوانامەکان، هەروەها لە بوارەکانی پەیوەست بە دڵنیایی جۆری و کێشەکانی خوێندنی باڵا چارەسەربکرێن، من لەگەڵ ئەو رایەم کە بە وۆرك شۆپی پسپۆڕی و بە هاوکاریی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و زانکۆکانی دیکە ئەم مەسەلەیە چارەسەردەکرێت. دەشتوانین لە رێی کۆنفرانسی ئەکادیمییەوە ساڵانە یان دوو ساڵ جارێك بە هاوبەشیی زانستیی زانکۆکان ئەنجام بدرێت، تەوەرێکی دیکەی گرنگ دەبێت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی شەراکەتێکی ئەکادیمی

**دەستخۆشی لە گۆڤاری(گوڵان) دەکەم کە زۆر بابەتییانە مامەڵەی لەگەڵ دۆسیەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کردووە لەبەر رۆشنایی ئەزموونی خۆم لە کارکردن لەم وەزارەتە لەگەڵ ئەم گۆڤارە لە ساڵانی رابردوو، کە بە بەرپرسیارێتی و ئەمانەتەوە باسی لە تەوەرکانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەکردو دەرگای ئەم گۆڤارە کرابۆوە بۆ پسپۆڕە زانستییەکان و مامۆستا ئەکادیمییەکان**

**دەبێت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی شەراکەتێکی ئەکادیمی و ئابووریيان هەبێت لەگەڵ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران، کە ئێمە لە ئەدەبییاتی ئێستا پێی دەڵێین «ئابووریی زانیاری»، واتا زانکۆکان کاربکەن لەسەر ئابووریی زانیاری و زۆر پشت نەبەستن بە پاڵپشتیی حکومەت بۆ ئەم مەسەلەیە**

و ئابوورییان هەبێت لەگەڵ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران، کە ئێمە لە ئەدەبیاتی ئێستا پێی دەڵێین «ئابووریی زانیاری»، واتا زانکۆکان کاربکەن لەسەر ئابووریی زانیاری و زۆر پشت نەبەستن بە پاڵپشتیی حکومەت بۆ ئەم مەسەلەیە، بەڵکو دەبێت خۆیان سەرچاوەی داهات بۆ خۆیان پەیدا بکەن، زانکۆکانی کوردستان لە ماوەی رابردوودا سەرکەوتووبوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی دارایی کە لە ساڵی ٢٠١٤وە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەوە، ئەویش بە دابینکردنی سەرچاوەی تایبەت بۆ خۆیان، لە بوارەکانی خوێندنی ئەهلی و ئێواران و پاراڵێل.

## ● هەنگاونانی کابینەی نۆیەمی حکومەت لە پێشخستنی پرۆسەکەدا

سەبارەت بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەم تەوەرە گرنگە، لە راستیدا لە هێڵە گشتییەکاندا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پێداچوونەوە بەم مەسەلانە دەکرێت، من پێموایە ئەمە پێویستی بە ماوەیەك هەیە و لە ئێستاوە دەستکراوە بە پێداچوونەوە بە تەوەرەکان، ئەویش بە ئەکتیڤکردنی رۆڵی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و پێداچوونەوە بە یاساو رێنماییەکانی پەیوەست بەم بوارە، هەروەها بە میکانیزمەکانی وەرگرتن لە زانکۆکان لە بوارەکانی بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرا، یان ناردن بۆ دەرەوەو بیرکردنەوە لە دامەزراندنی سندوقی وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژنەوەی زانستی یان سندوقێك بۆ پێدانی قەرز بە قوتابیان تاکو خوێندنی خۆیان تەواوبکەن، هەروەها لە داهاتوودا بە میکانیزمێك مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا بکرێت، بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کۆمەڵگەی ئەکادیمی کە خۆی لە خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیدا دەبینێتەوە، لە پێشکەوتنێکی رۆژانەدایە، هاوکات پێویستە ماوەماوە وێستگەیەکی پشوو هەبێت و پێداچوونەوە بکرێت تاکو هەنگاوەکانی داهاتوو دەستنیشان بکرێن.

## ● پلانەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتدا

سەبارەت بە پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا کاری لەسەر دەکرێت، گرنگترینیان پێداچوونەوە بە رێنماییەکانی خوێندنی باڵا (ماستەرو دکتۆرا) لە رووی پێوەرەکانی زمانی ئینگلیزی، تەمەن، مەرجەکانی ئەکادیمی و کارگێڕی، لەگەڵ بەدواداچوون بۆ کێشەی ئەوانەی تەرقین قەید کراون، ئەوانەی نەیانتوانی خوێندنیان تەواو بکەن لە ماستەرو دکتۆرا، جگە لەمەش پێداچوونەوە بە پێدانی نازناوی زانستی بە مامۆستایانی زانکۆ وەکو، مەرجەکان بۆ مامۆستای یاریدەدەر و مامۆستاو پڕۆفیسۆری یاریدەدەرو پڕۆفیسۆر و مەرجەکانی ئەکادیمی و کارگێڕی، وێڕای ئەکتیڤکردنی رێنماییەکان بۆ سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستیی حکوومی و ناحکوومی، بۆیە هانی سەنتەرەکانی توێژینەوەی ناحکوومی دەدەین کە لەو بوارەدا رۆڵی بەرچاویان هەبێت، هەروەها هەوڵدان بۆ کردنەوەی لقی زانکۆ نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کە لە ئاستی بەرزی ئەکادیمیدان، ئەمەش پەیوەندییەکانمان لە رووی دیپلۆماسییەتی ئەکادیمی قووڵتر دەکاتەوە، لەم رووەوە هەنگاوی بۆ هەڵێنراوە، ئەمریکییەکان بە پلەی یەکەم و ئێستاش چیکییش هەوڵی بۆ دەدرێت، لەم بوارەدا رێنمایی تایبەت لە وەزارەت دەرچووە بۆ کردنەوەی لقی زانکۆ نێودەوڵەتییەکان لەسەر راسپاردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بابەتێکی دیکە ئەکتیڤکردنی پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی حکومەتی عێراقی فیدراڵە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ زانکۆکانی باشوور و ناوەڕاست بابەتێکی گرنگە، چونکە ئێمە بەشێکین لە عێراق بە رەچاوکردنی تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی، دواجاریش ئەکتیڤکردنی پەیوەندییەکانی ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆ و دامەزراوەکانی دیکەدا، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بە ئاراستەی ئەوەی کە لە جیهانی ئەمڕۆ دانەبڕێین.

**زانکۆکانی کوردستان لە ماوەی رابردوودا سەرکەوتووبوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی دارایی کە لە ساڵی ٢٠١٤وە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەوە، ئەویش بە دابینکردنی سەرچاوەی تایبەت بۆ خۆیان، لە بوارەکانی خوێندنی ئەهلی و ئێواران و پاراڵێل**

**دامەزراندنی سندوقی وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژنەوەی زانستی یان سندوقێك بۆ پێدانی قەرز بە قوتابیان پێویستە تاکو بتوانن خوێندنی خۆیان تەواوبکەن**

دیمانەی تایبەت



ئۆفرا بێنگیۆ

سەرۆکی پڕۆگرامی دیراساتی کوردی لە سەنتەری موشی دایان لە زانکۆی تەل ئەبیب بۆ گوڵان:

# پێویستە کورد بە یەکگرتوویی کار بکات و پەرە بە تەبایی کۆمەڵگە بدات و شەڕی گەندەڵی بکات

**دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك هەمیشە دۆخێكی نالەبار و لەرزۆكە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم ناوچەیە كارەساتی گەورە و هەژانی قووڵی بەخۆوە بینیوە، بەڵام هێشتا كێشە و ئاڵۆزی و پەرەسەندنی گەورە لە ئاسۆدا دیارن، لەلایەكی دیكەوە وڵاتە بەهێزەكانی ئەم ناوچەیە لە ململانێی هێز و دەستڕۆیشتوویيدان و دەیانەوێت لەسەر حیسابی یەكتری جێ پێی خۆیان بەرفراوانتر بكەن، لەم ڕووەوە هەندێ وڵاتانی دیكەی ناوچەكەیان كردۆتە گۆڕەپانی ململانێ و ركابەریی نێوان خۆیان، یان ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ پەرەسەندن و پێشهاتەكانی ئەم دواییە بكرێت لە پەیوەندی بەو هێرشانەی لە عێراقدا كرانە سەر ئامانجێك كە بە ئامانجی نزیك لە ئێران هەژمار دەكران. ئەمانە و ئەگەری هەڵكشانی گرژییەكانی نێوان ئیسرائیل و ئێران و لە هەمان كاتدا پەیوەندییەكانی نێوان ئیسرائیل و توركیا، هەروەها ڕەوشی ناوخۆی عێراق و ئەگەرەكانی ڕێككەوتنی هەر سێ پێكهاتەكەی عێراق و تێپەڕاندنی ناكۆكی و جیاوازییەكانیان، لەگەڵ بۆچوون و پێشنیارەكان بۆ ئەوەی كورد لەم ساتەوەختە هەستیارەدا بە چ شێوەیەك هەڵسوكەوت بكات، بە تایبەتی لە باری ناوخۆدا، هەموو ئەمانە بوونە تەوەری گفتوگۆیەكی گوڵان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگیو كە توێژەری باڵایە لە سەنتەری موشی دایان بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و لە هەمان كاتدا سەرۆكی بەشی دیراساتی كوردییە لە هەمان سەنتەر، هەروەها وانەبێژە لە كۆلێژی شالێم لە قودس. ئەو بوارانەی تێیاندا پسپۆڕە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت: مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی مۆدێرن و هاوچەرخ لە عێراق و توركیا و لە نێو كورددا. هەروەها بایەخ بە كەلتوور و ئەدەبیاتی كۆمەڵگەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات.**

*** هەڵسەنگاندنی گشتیی ئێوە بۆ دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی دوای تێكشكاندنی خەلافەتەكەی داعش چییە؟، ئایا پێتان وایە هێشتا ناسەقامگیری و ناهەمواری لە ئاسۆی ناوچەكەدا لە ئارادان؟**

- لە ماوەی دەیەی ڕابردودا گۆڕانكاریی بەربڵاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویدا، وەك: لاوازبوونی چەند دەوڵەتێك و داڕووخانی هەندێكی دیكە، سەرهەڵدانی كاراكتەرە غەیرە دەوڵەتییەكان وەك ئەل قاعیدە و داعش، بەهێزبوونی هەندێ هێزی دیاریكراوی ئیتنی، بە تایبەتی كورد، كەلێنی بەفراوانبووی نێوان شیعە و سوننە، و لە كۆتاییدا گەڕانەوەی ڕووسیا و ئەمەریكا بۆ ناوچەكە و ململانێی دەستڕۆیشتوویی لە نێوانیاندا. لەبەر ئەوەی بە جددی و لەسەر تێكڕای ئاستە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان مامەڵە لەگەڵ هۆكارەكانی ئەم تسۆنامییە نەكراوە، ئەوا ئەگەری تەواو هەیە كە ئەم ناسەقامگیرییە بەردەوام وەك مۆركی جیاكەرەوەی ئەم ناوچەیە بمێنێتەوە.

*** شیكردنەوەت بۆ سیاسەتی ئەمەریكا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چییە؟ ئایا پێت وایە ئیدارەی ترەمپ پتر لەم ناوچەیەوە تێوەگلاوە، یان پتر پاشەكشەی لێ كردووە؟**

- سەرۆك ترەمپ ڕایگەیاند كە ئامانجەكەی ئەوەیە سەرجەم هێزەكانی ئەمەریكا لە ناوچەكە بكێشێنەوە و تێوەگلانی ئەمەریكا لە ناوچە كێشەدارەكان كەم بكاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ڕاستییەكانی واقیعەكە ناچاری بكەن بە شێوازێكی جیاواز كاربكات. نموونەیەك لەم ڕووەوە بریتی بوو لە بڕیارە كتوپڕەكەی لە ساڵی ٢٠١٨ بۆ كشاندنەوەی تێكڕای

**ئیسرائیل دژی خودی دەوڵەتی عێراق كار ناكات، بەڵكو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەوڵی ئیحتیواكردنی تمووحە هەژمونخووازییەكانی ئێران دەدات**

**ئەوەی سەرکردەکانی ئیسرائیل بەردەوام رایدەگەیەنن ئەوەیە کە رێگە نادەن وەکیلەکانی ئێران، کە لە ناوچەکەدا چالاکن، هێز لە دژی کۆبکەنەوە و هەڕەشە لە ئاسایشی بکەن**

**لە دوای نزیکەی دوو دەیە لە شەڕی ناوخۆیی و پێکدادانانی نێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی کۆمەڵگەی عێراقەوە، ئەمجارەیان ئاستێك لە سەقامگیری لە دۆخی عێراقدا هەیە**

**پێویستە کورد سیستمی پەروەردەیی بەرفراوان بکات، برەو بە دیموکراسی بدات و لە هەمووشی گرنگتر هیچ کاتێك چاو لە سەر ئامانجی مەزنی کوردستان هەڵنەگرن**

هێزەکانی ئەمەریکا لە رۆژئاڤا، کە ئەوە فشاری ناوخۆیی و ناوچەیی بوو کە ناچاری کرد بڕیارەکەی بگۆڕێت. لەم روانگەیەوە، هەڵوێستی لە ئایندەشدا بەندە بە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی لەگەڵ تورکیا و دەرئەنجامی ناکۆکییەکە لەگەڵ ئێران و ململانێی لەگەڵ رووسیا و پێگەی داعش.

*** بەم دواییە ئیسرائیل هێرشەکانی خۆی دژی ئامانجەکانی پەیوەست بە ئێران بەرفراوان کرد، بە تایبەتی لە عێراقدا، مەزندەی ئێوە بۆ پەرەسەندنە دراماتیکییانە چییە؟**

- ئیسرائیل بەرپرسیارێتیی خۆی بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجەکانی پەیوەست بە ئێران لەنێو عێراقدا رانەگەیاندووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی سەرکردەکانی ئیسرائیل بەردەوام رایدەگەیەنن ئەوەیە کە رێگە نادەن وەکیلەکانی ئێران، کە لە ناوچەکەدا چالاکن، هێز لە دژی کۆبکەنەوە و هەڕەشە لە ئاسایشی بکەن. لەم رووەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئیسرائیل دژی خودی دەوڵەتی عێراق کار ناکات، بەڵکو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەوڵی ئیحتیواکردنی تمووحە هەژموونخوازییەکانی ئێران دەدات. لەم گۆشەنیگایەوە، پێکدادانی نێوان ئیسرائیل و وەکیلە ئێرانییەکان ئەگەری بەردەوامبوونیان هەیە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییە شاردراوەکانی لەگەڵ وڵاتانی سوننەدا، وەك سعودیە و وڵاتانی کەنداو ئەگەری ئەوە هەیە لە گەشەکردن بەردەوام بن.

*** چۆن وەسفی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و تورکیا دەکەیت، بە تایبەتی کە ئێوە کتێبێکتان لەم بارەیەوە نووسیوە؟**

- دەیەی رابردو خراپبوونی بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و تورکیای بەخۆوە بینی. هۆکارە سەرەکییەکەش ئاراستەگۆڕینە ستراتیژیەکەی سەرۆك ئەردۆغان و پارتی داد و گەشەپێدان و کردنی ئیسرائیل بە ئامانجێك بۆ هێرشە توندەکانی وەك ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی لە ناوخۆدا. لە هەمان کاتدا ئەو کۆڵکە هاوبەشە ستراتیژی، سیاسی و ئایدۆلۆژییانەی کە هەردوولایەنەکەی یەکخستبوو، جێ لەق بوونە و لەبری ئەوە بواری نوێی ناکۆکی هاتۆتەپێشەوە، وەك لەبارەی کێشەکانی پەیوەست بە غازەوە. هەرچۆنێك بێت، بوارێك کە کاریگەر نەبووە بەم تەنگژەیە، بریتیە لە هاوکاری ئابووری کە هێشتا بەردەوامە.

*** وەك کەسێکی شارەزا لە کاروبارەکانی عێراقدا، چۆن لە بارودۆخی ئەم وڵاتە دەڕوانیت؟، ئایا باوەڕت وایە کە پێکهاتە سەرەکییەکان (کورد و شیعە و سوننە) لاپەڕەیەکی نوێیان کردۆتەوە و ئامادەن ناکۆکییەکانیان بەلاوە بنێن و لە داهاتوو بڕوانن؟**

- ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لە دوای نزیکەی دوو دەیە لە شەڕی ناوخۆیی و پێکدادانانی نێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی کۆمەڵگەی عێراقەوە، ئەمجارەیان ئاستێك لە سەقامگیری لە دۆخی عێراقدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەم هێوربوونەوە کاتییە تەفرەمان بدات بۆ ئەوەی باوەڕ بکەین کە ئەم پێکهاتانە لاپەڕەیەکی نوێیان کردۆتەوە لە پەیوەندییەکانیاندا، لەبەر ئەوەی هێشتا هەندێ کێشەی بنەڕەتی هەن کە پێویستە چارەسەر بکرێن. ئەم کێشانەش بریتین لە ئاوێتەکردنی سوننە لە دەوڵەتەکەدا، چارەسەرکردنی کێشەی درێژخایەنی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، ئیحتیواکردنی میلیشیا شیعەکانی نزیك لە ئێران کە ململانێ لەگەڵ دەوڵەت و ئۆرگانەکانی دەکەن، لەگەڵ ئەرکی قورسی ریشەکێشکردنی داعش کە هۆکاری پشت ناسەقامگیرییەکەی عێراقە.

*** لەم ساتەوەختەدا راسپاردەت بۆ کورد چییە؟**

- زۆر ئاسانە بۆ کەسێکی دەرەکی کە لە سەر کورسییەك دانیشتبێت راسپاردە پێشنیار بکات، کە پێدەچێت بەجێهێنانیان لە ژیانی راستەقینەدا دژوار بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی شایستەی بێت لەم رووەوە و ئەوەی لە رووی تیۆرییەوە بیڵێین ئەوەیە کە ئەو بوارە سەرەکییانەی کە پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، بریتین لەمانەی خوارەوە: پێویستە کورد بە یەکگرتوویی کار بکات، تەبایی کۆمەڵگەکە بەهێز بکات، شەڕی گەندەڵی بکات، سیستمی پەروەردەیی بەرفراوان بکات، برەو بە دیموکراسی بدات و لە هەمووشی گرنگتر هیچ کاتێك چاو لە سەر ئامانجی مەزنی کوردستان هەڵنەگرن.





## سالیسۆ ئۆجۆنێمی پاوڵ

پسپۆڕی بواری کارگێڕیی گشتی بۆ گوڵان:

# پێویستە چەقی سیاسەت و پرۆگرامەکانی حکومەت دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێت بۆ خەڵک

**پرسی هێنانەئارا و پەرەپێدانی حوکمڕانیی باش پرۆسەیەکی ئاسان نییە، لە هەمان کاتدا تەنیا یەك ڕێگاچارە و نەخشەڕێگایەك نییە کە وەك پلانێکی ئامادە سەرجەم کۆمەڵگە و وڵاتەکان بتوانن پەیڕەوی بکەن و کاروبارەکانی کۆمەڵگەی بە باشترین و کاراترین شێوە پێ ڕێك بخەنەوە، هەندێ وڵات لەم ڕووەوە توانیویانە هەنگاوی باش هەڵبگرن و بەرهەمەکەشی سەقامگیربوونی و بوژانەوەی وڵاتەکە بووە و، هەندێ وڵاتیش کە لەم پرۆسەیەدا شکستیان هێناوە، باجی قورس و گرانیان داوە و سەرنجام وڵاتەکەشیان دووچاری چەندین کێشە و تەحەددیی دژواری دیکە کردۆتەوە. یەکێك لەو وڵاتانەی کە وەك ئەزموونێکی شکستخواردوو ئاماژەی پێ دەکرێت، بریتییە لە وڵاتی نەیجیریا، ئەم وڵاتە سەرەڕای ئەوەی کە بەهرەمەندە بە چەندین سەرچاوەی سرووشتی کە دەکرێت باری ناهەمواری وڵاتەکەی پێ ڕاست بکرێتەوە و، بگرە وڵاتەکەش بخرێتەسەر ڕێڕەو و ڕێچکەی گەشەکردن و سەقامگیری، بەڵام لەبری ئەوە ئەوەتا وڵاتەکە ڕووبەڕووی کێشەی ئەمنی و ئابووریی جددی بۆتەوە و ئەو سەروەت و سامانە گەورەیەشی بەفیڕۆ داوە. پرسی حوکمڕانیی باش و چەندین پرسی دیکەی پەیوەندیدار بە هۆکارەکانی شکستی ئەم وڵاتە لە هێنانەئاری ئەم جۆرە حوکمڕانییە و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی هۆکارەکانی، بوونە تەوەری گفتوگۆی ئەمجارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ سالیسۆ ئۆجۆنێمی پاوڵ کە پسپۆڕ و وانەبێژی کارگێڕیی گشتییە لە زانکۆی نەیجیریا و خاوەنی چەندین توێژینەوەی پەیوەستە بە بواری حوکمڕانی لە وڵاتی نەیجیریا و هۆکار و دەرئەنجامەکانی نەبوونی حوکمڕانیی باش لەو وڵاتەدا.**

*** وەك کەسێکی شارەزا لە بواری حوکمڕانیی باشدا، کە لەم ڕووەوە چەندین توێژینەوەتان ئەنجامداوە، چۆن لە چەمکی حوکمڕانیی باش دەڕوانن، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە دیارترین خەسڵەتەکانی چین؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین چەمکی حوکمڕانیی باش پەیوەستە بە دەستەبەرکردنی ئەوە هۆکارەی کە دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵکی لە ڕووی ئابوورییەوە لە بارێکی باش و سەقامگیردا بن، بە گشتی تێڕوانینی من ئەوەیە کە حوکمڕانیی باش بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر گرێدراوە بە دەستەبەرکردنی مافەکانی خەڵك و فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتییان. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین خەسڵەتەکانی حوکمڕانیی باش بەم شێوەیە چڕ بکەینەوە. ١ دەستەبەرکردنی سەلامەتیی هاووڵاتییان، ٢ فەراهەمکردنی ئاسایشی هاووڵاتییان، ٣ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ٤ بوونی حکومەتێك کە لە ئاستی خواست و ویستی خەڵکەکەدا بێت و بەدەم پێداویستییەکانیانەوە بچێت. واتە حکومەت بەرپرسیارتییەکانی خۆی لە ئاست هاووڵاتییاندا جێبەجێ بکات. کەواتە کاتێك خەڵکی چوونەوە ماڵەکانیان و هەستیان بە ئارامی کرد، بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا کە ڕووبەڕووی کێشەی ئەمنی بووینەتەوە، دەتوانین بڵێین حکومەت توانیویەتی ئاسایش بۆ خەڵکەکە دەستەبەر بکات. لە هەمان کاتدا پێویستە حکومەت ڕووبەڕووی کێشەی گەندەڵی ببێتەوە. لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین کاتێك سەرجەم ئەم پرس و تەحەددیانە لەلایەن حکومەتێکی بەرپرسەوە لەبەرچاوگیران، ئەوا دەتوانین بڵێین حوکمڕانیی باش لە ئارادایە.

*** باشە لە ئێستادا دژوارترین ئەو تەحەددییانە چین کە لە وڵاتەکەی ئێوە لە نەیجیریا ڕووبەڕووی هەوڵەکانی هێنانەئارای حوکمڕانیی باش دەبنەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە وڵاتی ئێمە تایبەتمەندی و هەلومەرجی تایبەت بە خۆی هەیە. یەکێك لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە کە لە چەند ڕوویەکەوە، لە لایەنی ئیتنی، لە ڕەهەندی ئایینییەوە، لە هەمان کاتدا لە ڕووی کەلتوری و بیروباوەڕیشەوە جیاوازیی و فرەیی تێدایە، کە هەمو ئەمانە لەبەردەم هەوڵەکانی هێنانەئارای حوکمڕانیی باش لە نەیجیریا تەحەددیی قورس دروست دەکەن. کەواتە وڵاتی ئێمە دابەش بووە بەسەر چەند زۆن و ناوچەیەکدا، کێشەکە ئەوەیە کاتێك هەڵبژاردن دەکرێت بۆ گرتنەدەستی بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ناوچەیەك، ئەوا لە کاتی هەڵبژاردنی کاندیدەکاندا ئەوە ڕەچاو دەکرێت کە کاندیدەکە سەر بە چ بەش و پێکهاتەیەکی ناوچەکەیە، نەك ئەوە لەبەرچاو بگیرێت ئایا ئەو کەسە تا چ ڕاددەیەك

**ئەو حزبانەی نوێنەرایەتییان لە ئەنجومەنی نیشتمانی نەیجیریا هەیە، پرسەکان بە سیاسی دەکەن و بە ئاراستەیەکی بەرتەسکیدا دەبەن**

**ئەو دەستوورەی لە ئارادایە، کەموکووڕیی زۆری تێدایە و پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، چونکە ئەم دەستوورە جیاوازییە ئیتنی و ئایینی و ناوچەییەکان پەرە پێ دەدات**

دەتوانێت وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستییەکانی خەڵك بێت و بە شێوەیەکی کارا کاروبارەکان بەڕێوە ببات.

*** باشە خۆ لە زۆر وڵاتی دیکەشدا ئەم جیاوازی و خەسڵەتانە هەیە، بەڵام هەندێ لەم وڵاتانە توانیویانە ئەم فرەیی و جیاوازییانە بگەنە سەرچاوەی هێز و ڕێگەیان نەداوە ئەم جیاوازییانە لەبەردەم حوکمڕانی باشدا بەربەست و ئاستەنگ دروست بکەن، بۆچی لە وڵاتی ئێوەدا دۆخەکە بەم شێوەیە و ئایا پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە چ ڕێگاچارەیەك بگیرێتەبەر؟**

- من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەم، کە پەیوەستە بە وڵاتی ئێمەوە، ئەویش ئەوەیە کە کاتێك کەسێك کە سەر بە ئایینێکی دیاریکراو بێت و دەسەڵات و بەرپرسیارێتی بگرێتەدەست، ئەوا کەسانی سەر بە ئایینێکی دیکەی جیاواز ناتوانن ئاماژە بە نادادییەکانی بکەن و ناتوانن وەك پێویست ڕۆڵی کارای چاودێریکردن لەسەر ئەو دەسەڵاتە ببینن. ئەمە لە کاتێکدا دەبێت چەقی سیاسەت و پڕۆگرامەکانی حکومەت دەستەبەرکردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێت بۆ خەڵك و بۆ هاووڵاتیان، بە چەشنێك کە ئەو دابەشبوون و جیاوازییانە ڕەنگدانەوە و کاریگەرییان لەسەر ئەم پڕۆسەی فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییانە نەبێت، بەڵام دەبینین ئەم جیاوازییانە بوونەتە تەحەددییەکی بنەڕەتی و گەورە لە وڵاتی ئێمەدا و لە بەردەم پڕۆسەی هێنانەئارا و پەرەپێدانی حوکمڕانیی باش. بە هەمان شێوە دەبێت دامەزراندن لە نێو حکومەتدا لەسەر بنەمای کەسی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو بێت و ئەو کەسەشی دادەمەزرێت، دەبێت خۆی لەبەردەم تێکڕای خەڵکدا بە بەرپرسیار بزانێت و هەوڵی خزمەتکردنی تێکڕای بەشەکانی وڵاتەکە بدات. لە دەرئەنجامی ئەم کێشە و تەحەددیانەشدا دەبینین وڵاتەکەی ئێمە ڕووبەڕووی کێشەی ئابووری و کێشەی ئەمنی بۆتەوە.

*** لە یەکێك لە توێژینەوەکانتدا باس لە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان، یان هۆکارە ریشەییەکانی دۆخی ناهەموار و خراپی نەیجیریا دەکەیت و ئاماژە بە شکستی سەرکردایەتیی سیاسی دەکەیت، لە ئەداکردنی ئەرکەکانیاندا، پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی نەتوانراوە لە وڵاتی ئێوەدا پەرە بە جۆرێك لە سەرکردایەتی بدرێت کە بتوانێت لە ئاست بەرپرسیارێتیدا بێت؟**

- لە دوای ئەوەی نەیجیریا لەساڵی ١٩٦٠ سەربەخۆیی بەدەست هێنا، هەوڵدراوە کە لەنێو خەڵکی وڵاتەکەدا بە جیاوازیی ئیتنی و ئایینی و ناوچەییەوە یەکگرتووییەك دروست بکرێت، دواتر بە داخەوە کودەتای سەربازی ڕوویدا، بەڵام سەرەڕای ئەو پەرەسەندنانەش هەوڵەکانی بۆ گەڕاندنەوەی دیموکراسی بۆ وڵاتەکە بەردەوام بووە. پێم وایە لە ئێستادا کێشە سەرەکییەکە بریتییە لەو دەستوورەی لە ئارادایە، کە بە تێڕوانینی من هەڵە و کەموکووڕیی زۆری تێدایە و پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، چونکە پێم وایە ئەم دەستوورە جیاوازییە ئیتنی و ئایینی و ناوچەییەکان پەرە پێ دەدات، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە پێویستمان بە دەستوورێکە کە ببێتە بونیاد و چەقی کۆکەرەوەی خەڵکی نەیجیریا و ببێتە هۆکاری یەکگرتنی خەڵکەکە بە سەرجەم جیاوازییەکانیانەوە.

*** ئێوە ئاماژە بە دەستوور دەکەن، کە هەندێ ئەزموون لە وڵاتاندا هەن، ئەوە نیشان دەدەن کە دەکرێت هەندێ جار نووسینەوەی دەستووری وڵاتەکە سەرەتای هێنانەئارای ڕێگاچارەی گونجاو بێت بۆ کێشە بنەڕەتییەکانی وڵاتەکە، واتە دەستوور ببێتە مەرجەع و خاڵی یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان، ئایا پێتان وایە دەکرێت ئەمە بۆ وڵاتی نەیجیریاش ڕاست بێت؟**

- بە تێڕوانینی من پێویستە دەستوورێك بۆ وڵاتی ئێمە بنووسرێتەوە، کە توانای تێپەڕاندنی ئەم جیاوازییانەی هەبێت. لێرەدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بۆچی دەبێت پرسیاری ئەوە لە من بکرێت من پەیڕەوکاری چ ئایینێکم، لە کاتێکدا کە من دەمەوێت هەلی کارێك بەدەست بهێنم، بۆچی پرسیاری ئەوەم لێ بکرێت کە سەر بە چ ناوچەیەکم، لەبری ئەوەی لەوە بکۆڵرێتەوە کە ئایا من کەسێکی بەهرەمەندم، یان ئایا من کەسێکی متمانەپێکراوم، کە لە ڕاستیدا پێویستە کارامەیی و لێهاتوویی من ڕەچاو بکرێت، کاتێك دەمەوێت کارێکی دیاریکراو بەدەست بهێنم. ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە بونیادە سیاسییەکەی وڵاتی ئێمە کێشەی تێدایە، کە دەکرێت لە ڕێی هەموارکردنەوەی دەستووری وڵاتەکەوە بونیادی وڵاتەکە ڕێکبخرێتەوە، بۆ نموونە: نابینین لە نێو ئەنجومەنی نیشتمانی نەیجیریا هەوڵ بەم ئاراستەیە بدرێت، بەڵکو ئەو حزبانەی نوێنەرایەتیان تێیدا هەیە، پرسەکان بە سیاسی دەکەن و بە ئاراستەیەکی بەرتەسکیدا دەبەن.

**لە دوای ئەوەی نەیجیریا لە ساڵی ١٩٦٠ سەربەخۆیی بەدەست هێنا، هەوڵدراوە لەنێو خەڵکی وڵاتەکەدا بە جیاوازیی ئیتنی و ئایینی و ناوچەییەوە یەکگرتووییەک دروست بکرێت، دواتر بە داخەوە کودەتای سەربازی ڕوویدا، بەڵام سەرەڕای ئەو پەرەسەندنانەش هەوڵەکان بۆ گەڕاندنەوەی دیموکراسی بۆ وڵاتەکە بەردەوام بووە**

**دەبێت دامەزراندن لە نێو حکومەتدا لەسەر بنەمای کەسی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو بێت و ئەو کەسەشی دادەمەزرێت، دەبێت خۆی لەبەردەم تێکڕای خەڵکدا بە بەرپرسیار بزانێت و هەوڵی خزمەتکردنی تێکڕای بەشەکانی وڵاتەکە بدات**

**کاتێک کەسێک کە سەر بە ئایینێکی دیاریکراو بێت و دەسەڵات و بەرپرسیارێتی بگرێتەدەست، ئەوا کەسانی سەر بە ئایینێکی دیکەی جیاواز ناتوانن ئاماژە بە نادادییەکانی بکەن و ناتوانن وەک پێویست ڕۆڵی کارای چاودێریکردن لەسەر ئەو دەسەڵاتە ببینن**


**کاتێک خەڵکی چوونەوە ماڵەکانیان و هەستیان بە ئارامی کرد، بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا کە ڕووبەڕووی کێشەی ئەمنی بووینەتەوە، دەتوانین بڵێین حکومەت توانیویەتی ئاسایش بۆ خەڵکەکە دەستەبەر بکات**

# کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان!

**کۆمپانیا هەرە گەورەکانی ئێستا خۆیان میکانیزمی هەرەکارای ئەو جیهانگیرییەن، کە هەر خۆیان خوڵقاندوویانە، ستراتیژیەت و ئامانجی کۆتایی ئەوان بریتییە لە یەکخستنی بازاڕەکانی دونیا و دامەزراندنی حکومەتێکی جیهانی و دەوڵەتێکی جیهانگیر لە شوێنی ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا هەن**

ئەمرۆ کەس نییە بتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە کۆمپانیا گەورە، یان زەبەلاحەکان بەهۆی چەندین پەیوەندی و بەرژەوەندیی جیاجیای ئاڵۆزی ئابووری و دارایی جیاواز ئەم سەر تا ئەو سەری جیهانیان کۆنترۆڵ کردووە، لە سەرتاپای زەمینەدا کاریگەریی خۆیان لە سەر تێکڕای ڕەوتی ژیانی ئابووری، سیاسی، کولتووری، ڕۆشنبیری و...هتد هەیە، ئەو کۆمپانییانە لە ئێستادا توانیویانە بە تەواوەتی سەرجەم بازاڕەکانی جیهان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن و قەوارەی بڕی بەرهەمهێنان و نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیش دیاری بکەن. دیارە کۆمپانیا هەرە مەزن و گەورەکانی ئەمڕۆ کە مێژووی خۆیان هەیە، دەستپێکی کارکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە سەدەی بیستەم، وەك (کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات، کۆمپانیای ماسکۆڤی، کۆمپانیای هردسۆن بێی و ...هتد.) کە لە سەدەی هەژدەیەمەوە چالاکیی پان نەتەوەییان هەبووە، دواتر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا و لەکاتی هاتنە کایە و گەشەی ئابووریی جیهانی، زیاتر گەشەیان کردووە و گەورەتر بوون، ئەم پرۆسەیە لە ساڵەکانی نێوان دوو جەنگی جیهانیشدا بە هەندێك ڕاوەستان و دابەزین و بەردەوام بوون، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا و بەهۆی داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت و ئاوابوونی سیستەمی ئابووریی سۆشیالیستی و پێکهێنانی شەپۆلێکی شۆڕشی نزیکبوونەوە لە سیاسەتی ئابوورییانەی لیبراڵییانە و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان، پانتایی چالاکیی کۆمپانیا گەورەکان بەرینتر بوو. بە پێی ئامارەکانی (کۆنفرانسی بازرگانی و پەرەپێدان UNCTAD) ئەمرۆ لە(٩٠٪)ی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەکان و سەرچاوە داراییەکان لە دەستی کۆمپانیا هەرە گەورەکاندا چڕبۆتەوە، کە ژمارەیان خۆی دەدات لە ٢٥ کۆمپانیا.

هەر لەم دەستپێکەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ بدەم، ئەویش ئەوەیە کە کۆمپانیا هەرە گەورە و زەبەلاحەکانی جیهان پێکهاتە و ناوەرۆکی پێشکەوتووترین قۆناغی دوای پیشەسازی و بزوێنەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی سەردەم و هێزی پشت پەردەی دەسەڵات و تەواوکاری ئابووریی جیهانین، هەروەها ئامرازی سەرەکیی ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی بەرهەم و سەرمایەن و لە ڕووی ڕەگەز و خاوەندارێتی و کارگێڕییەوە کۆنترۆڵی فاکتەرە سەرەکییەکانی ژیانی ئابووری و سیاسی و تەکنۆلۆژیا دەکات، لە ڕووی دەسەڵاتیشەوە خاوەنی ئەم کۆمپانیایانە دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابووری و زانستی و



**د. نەهرۆ عەلی**

سەرۆکی ئینستیتوتی گەشەی وڵات بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری و دارایی

بۆ گوڵان دەینووسێت

تەکنۆلۆژیای زۆریان هەیە، چی لە وڵاتەکانی خۆیان و چ ئەو وڵاتانەی بنکەیان لێی هەیە.

بێ هیچ گومان و دوودڵییەك، دەتوانم بڵێم کۆمپانیا هەرە گەورەکانی ئێستا خۆیان میکانیزمی هەرەکارای ئەو جیهانگیرییەن، کە هەر خۆیان خوڵقاندوویانە، ستراتیژیەت و ئامانجی کۆتایی ئەوان بریتییە لە یەکخستنی بازاڕەکانی دنیا و دامەزراندنی حکومەتێکی جیهانی و دەوڵەتێکی جیهانگیر لە شوێنی ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا هەن.

بێگومان ئەبێ ئەوەش بزانین کە پێوەری سەرەکی بۆ هەر کۆمپانیایەك کە پێی دەوترێت گەورە، بریتییە: لە خستنەڕووی، خاوەندارێتیی راستەقینە و قەبارەی سەرمایە و بڕی داهات و بواری کارکردن و قەوارەی بەگەڕخستنی هێزی کارو...هتد.

دوای ئەو کەمە قسەکردنەمان لە سەرەوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تیشك بخەینە سەر کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان، من لێرەدا مەبەستم تەنیا کۆمپانیا تایبەتەکانە، جگە لە بواری (نەوت و گاز).

لە سەرەتاوە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تاکو ئێستا هیچ داتا و زانیارییەکی ئەوتۆ و راستەقینە دەربارەی زۆربەی کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان لە بەردەستدا نییە، بە تایبەتی دەربارەی خاوەندارێتیی راستەقینە و قەبارەی سەرمایەو بڕی داهات و بواری کارکردن و...هتد. دیارە لەگەڵ لێکچوونی زۆربەی خەسڵەتەکان لە پەیدابوون و دامەزراندنی کۆمپانیا گەورەکان، هەر وڵاتەو تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین، سەرهەڵدان و دامەزراندن و جۆرێتیی کارکردنی کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان لە چاو شوێنەکانی دیکەدا جیاوازیی بەرچاوی هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی بابەتی و خودی.

دەتوانین سەرهەڵدانی کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان بگێڕینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٥، ئەوەی ئاشکرایە ئەو کۆمپانییانە لە واقیعدا، یان حیزبین، یانیش سەر بە بەرپرسە باڵاکانی حکومەت و حیزبەکانن، بۆ نموونە: کۆمپانیا گەورەکانی وەك (نۆکان، کار، گرووپی قەیوان، گرووپی سەلاحەدین، گرووپی فاروق، گرووپی زاگرۆس، گرووپی کۆمپانیاکانی سپێر، یوبی هۆڵدینگ، بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی، بانکی ئارتی و...هتد) ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە هەر حیزبەو لە زۆنی دەسەڵاتی خۆیدا لە ڕێگەی

**تاکو ئێستا هیچ داتا و زانیارییەکی ئەوتۆ و راستەقینە دەربارەی زۆربەی کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان لە بەردەستدا نییە، بە تایبەتی دەربارەی خاوەندارێتیی راستەقینە و قەبارەی سەرمایە و بڕی داهات**

**هەندێک لە کۆمپانیاکانی کوردستان قەبارەی داراییان لە ملیارد دۆلار تێدەپەڕێت، ئەگەر بێت و هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە بۆ توانا و گەشەی خێرای ئەو کۆمپانییانە بکەین، دەبینین سەرچاوەی داراییان لە کەرتی گشتی، یان لە داهاتی نەوت و گازی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت**

**جگە لە بەخشینی زەویوزار بە ناوی وەبەرهێنانەوە، حکومەت لە بودجەی گشتی بە ملیۆنان دۆلاری لە شێوەی قەرزدا پێشکەش کردوون و کەسیش ئامادە نییە بیانگێڕێتەوە**

کۆمپانیاکانەوە بە تەواوەتی گشت کایەکانی بزنسیان قۆرخ کردووە، هەر لە بازرگانی و بیناسازی و پیشەسازییەوە تاکو کەرتە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی وەك: گەشتوگوزار، هۆتێل و ریستۆرانت و تەندروستی، خوێندن...هتد.

جگە لەو پێوەر و نیشاندەرانەی پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، چەند مەرج و نیشاندەرێکی دیکەیش بۆ پۆلێنکردنی کۆمپانیا گەورەکان بەکاردەهێنرێن، لەوانە: دەبێت قەبارەی دارایی ساڵانەی لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار کەمتر نەبێت، پێویستە جگە لە وڵاتی دایك، لقی لە شەش وڵاتی دیکەدا هەبێت، پێویستە بەشە بازاڕی لە بازاڕی جیهانیدا رێژەی لە ٢٥٪ کەمتر نەبێت، ئەگەر ئەو خاڵانە بکەینە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوا هیچ ئەنجامێکمان دەست ناکەوێت، جگە لە خاڵی یەکەم کە بریتییە لە قەبارەی دارایی، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە هەندێك جار لە زاری بەرپرسە حیزبی و حکوومییەکانەوە دزە دەکاتە نێو میدیاکانەوە، هەندێك لەو کۆمپانیانە قەبارەی داراییان لە ملیارد دۆلار تێدەپەڕێت، ئەگەر بێت و هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە بۆ توانا و گەشەی خێرای ئەو کۆمپانییانە بکەین، دەبینین کە سەرچاوەی داراییان لە کەرتی گشتی، یان لە داهاتی نەوت و گازی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت، پارەی گشتیی حکوومی و حیزبی بە شێوەیەك تێکەڵاو و تێهەڵکێش بوون، زۆر ئەستەمە لێك جیابکرێنەوە، تەنانەت خۆشیان لێیان لێڵ و ئاڵۆز بووە و بۆیان ناخرێتەوە سەر یەکتر. بەپێی ئامارەکان جگە لە بەخشینی زەویوزار بە ناوی وەبەرهێنانەوە، حکومەت لە بودجەی گشتی بە ملیۆنان دۆلاری لە شێوەی قەرزدا پێشکەش کردوون و کەسیش ئامادە نییە بیانگێڕێتەوە.

یەکێکی دیکە لە سیما جیاواز و تایبەتمەندییەکانی کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان بریتییە لەوەی کە کۆمپانیای پشکدار نین، ئەوەش بەهۆی ئەوەیە کە ریتمی کێبەرکێ کە یەکێکە لە بنەماکانی سیستەمی ئابووریی بازاڕ، لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە و هەموو وەبەرهێنان و پرۆژەکان لە ئەنجامی ئەو ژینگە قۆرخکارییەی کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان بە درێژایی تەمەنی کابینەکان کاریان لەسەر درێژەپێدان و چڕکردنەوەی کردووە، دەبێ لە دەرگای حزبییەوە بێنە نێو بازاڕی سەرمایە و بزنسکاری.

تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بەرزترین مەیدانی چالاکییان لە بری گشت بەرهەمبەخشەکانی دیکە لە بواری (بازرگانی بیناسازی و مۆڵ و نەخۆشخانە و زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەی تایبەت و ...هتد) چڕکردۆتەوە، ئەوەی ئاشکرایە



ئەوەیە گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی نیشانەی پێشکەوتنی هەر وڵاتێکە، ئەوەشی ئەم سەردەمە لە سەردەمەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە لە ئێستادا بە پێچەوانەی رابردوو گەشەپێدانی ئابووری خۆی لە پیشەسازیی قورسدا نابینێتەوە، بەڵکو لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکاندا خۆی دەبینێتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە خەسڵەتی جوگرافی و توانا مرۆیی و مادییەکانی هەر وڵاتێك داهاتووی ئەو وڵاتە دیاری دەکات، لە وڵاتێکی ژێرخان تەپیوی وەك هەرێمی کوردستاندا پێویستە کەرتی پیشەسازی بە پۆلێنکردن و رێکخستنەوەیەکی تایبەت لە بوارە جیاجیاکاندا گەشەی پێ بدرێت، بە بۆچوونی من ئەم ئەرکە تەنیا لە لایەن کۆمپانیا گەورەکانەوە دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت، چونکە هەر ئەوان خاوەنی سەرمایەی پێویستن بۆ ئەنجامدانی کارێکی وەها.

ئەم بارودۆخەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان خوڵقاوە، بۆتە دیفاکتێك و تازە خوڵقاوە و لە روانگەی مێژووی ئابووری و سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەدارییشەوە دیاردەیەکی ئاساییە، زۆربەی زۆری کۆمەڵگە و وڵاتانی دنیا بە گشتیی و وڵاتە رۆژهەڵاتییەکان بە تایبەتی پێدا تێپەڕیون، کە دەکرێت ناوی قۆناغی گواستنەوە (Transformaition)ی لێ بنێین، ماوەی درێژەکێشان و تێپەڕبوونی ئەم قۆناغە بە پێی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت، هەندێك وڵات لە ماوەیەکی کەمدا ئەم قۆناغەیان تێپەڕاندووە، هەندێ وڵات پێویستیان بە ماوەیەکی زۆرتر هەبووە، بە هەرحاڵ ئەم قۆناغە واتا قۆناغی گواستنەوە، هەتا هەتایی نییە، چەند خێراتر تێپەڕێندرێت و بچێتە قۆناغی جێگیربوونەوە، گەشەی ئابووری و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان زووتر روو دەدەن.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە بە پێی داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان داهاتی ناوخۆیی هەرێم تەنیا (٢٪) ی بودجەی گشتیی هەرێم پێکدێنێت، ئەو داهاتەش زیاتر داهاتی باجە، نەك داهاتی کار و چالاکییەکانی کەرتی تایبەت، لە هەموو دنیادا بە تایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەشی زۆری بودجە لە باج و پیتاکی کۆمپانیا گەورەکان پێکدەهێنرێت، بەڵام کۆمپانیا گەورەکانی هەرێمی کوردستان نەك باج نادەن، بەڵکو لە سەر ملی بودجەی گشتی دانیشتوون، کۆمپانیای گەورە بوون و پێگە و دەسەڵات و هێزی وڵات دەسەلمێنێت، هێز و گەورەیی ئەمەریکا لە بوونی کۆمپانیا گەورەکانیدایە.

ئەوەی دەیزانین و ئەوەی ئەزموونی وڵاتان پێمان دەڵێن، ئەوەیە زوو، یان درەنگ ئەم کۆمپانییانەی کوردستانیش دەچنە قۆناغی جێگیربوون و دەچنە سەر سکەی خۆیان و خاوەندارێتی راستەقینە و قەبارەی ئابووریی و دارایی و داهات و قازانجی خۆیان ئاشکرا دەکەن و، دەبنە داینەمۆی گەشەی ئابووریی هەرێم و بەردی بناغەی سەربەخۆیی ئابووریی پێکدەهێنن و دەچنە ئاستی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان و دەبنە جێگە شانازیی هەموو کوردێك.

**گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی نیشانەی پێشکەوتنی هەر وڵاتێکە، ئەوەشی ئەم سەردەمە لە سەردەمەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە لە ئێستادا بە پێچەوانەی رابردوو گەشەپێدانی ئابووری خۆی لە پیشەسازیی قورسدا نابینێتەوە، بەڵکو لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکاندا خۆی دەبینێتەوە**

**لە وڵاتێکی ژێرخان تەپیوی وەک هەرێمی کوردستاندا پێویستە کەرتی پیشەسازی بە پۆلێنکردن و رێکخستنەوەیەکی تایبەت لە بوارە جیاجیاکاندا گەشەی پێ بدرێت**





ئاگرین عەبدوڵا

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بۆ گوڵان:

# کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون پێویستی بە هەماهەنگیی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە

# پرۆژەی گوندی هاوچەرخمان هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی خزمەتگوزارییەکان ئاسانتر بە گوندەکان بگات

**کێشەی نیشتەجێ بوون لە کوردستان قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت، وەك ئەوەی تا چەند ئەمە کێشەیەکی جددییە و تا چ رادەیەك هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بەم ئاراستەیەدا بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی کێشەکان و، ئایا چۆن دەکرێت ئەم هەولانە باشتر بکرێن و هەماهەنگی و هاوکاریی زیاتر لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا چۆنە و تا چەند پێویستە پەرە بەم هەماهەنگییە بدرێت. ئەمانە بوونە تەوەری ئەم دیدارە لەگەڵ ئاگرین عەبدولا بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە ئامانجی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و دووبارە نیشتەجێکردنەوەی هاووڵاتیانی ناوچە کاولکراوەکانی کوردستان، سیاسەت و پلانی ستراتیژی بۆ نیشتەجێکردن هەبووە، ئایا لەم روانگەیەوە سیاسەت و ستراتیژیی ئێستاتان بۆ نیشتەجێکردن لە کوردستاندا چییە؟**

- لە دوای راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ و دروستبوونی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ەوە، لە هەرێمی کوردستان پرۆسەی نیشتەجێکردن بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕی، قۆناغی یەکەمیان ئاوەدانکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکان بوو، هەم خەڵك لە رێگای خۆیەوە و هەم لە رێگای رێکخراوە خێرخوازەکانەوە کە هاتن یارمەتیی هەرێمی کوردستان بدەن لە ئاوەدانکردنەوە، بەو شێوەیە ئەو شار و شارۆچکە و گوندانەی وێرانکرابوون، دروستکرانەوە. قۆناغی دووەم لە ئەنجامی بڕیاری ٩٨٦ەوە هاتە ئاراوە، کە بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك بوو، لەم قۆناغەدا حکومەتی کوردستان رۆڵی راوێژکاری و سەرپەرشتیکردن و پلاندانانی دەبینی و بودجە و پارەکەش لە رێگای بڕیاری ٩٨٦ەوە خەرج دەکرا، کە لەم قۆناغەدا خانوو و یەکەی نیشتەجێکردن بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و چەند چینێکی جیاواز دروستکرا، جگە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بودجەی خۆی لە رێگای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن کە ئەو کات دوو وەزارەتی جیاواز بوون، لە پاش گەڕانەوەیان بۆ هەرێمی کوردستان خانوو بۆ ئاوارە و پەناهەندەکان و ئەوانەی بەهۆی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان چووبوونە ئێران و تورکیا دروستکرد، هەروەها خانوویان بۆ هێزی پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان ئەوانەی کە خۆیان بەخت کردبوو بۆ کوردستان دروستکرد. قۆناغی سێیەمی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان دوای لەناوچوونی رژێمی بەعس بوو، بەتایبەتی لەساڵی ٢٠٠٥ دەستی پێکرد، کە لەو کاتەدا بڕی بودجە زیاتر بوو، بەم هۆیەوە شوقە و یەکەی نیشتەجێبوون بۆ چەند چینێك لە شار

**ئەو شوقانەی وەبەرهێنان دەیکات، بۆ ئەوانەیە کە توانا داراییەکەیان زۆرە و مواسەفاتیان بەرزە، ئەوەی ئێمە شوقەیەکی ئاساییە کە شوێنێکی حەوانەوەی ئاسوودە بۆ نیشتەجێبووەکە دابین دەکات**

و شارۆچەکەکانی هەرێمی کوردستان دروستکرا، هاوکات لەم قۆناغەدا واتە لەقۆناغی سێیەمدا وەبەرهێن هاتە ناو پڕۆژەکانی نیشتەجێکردن، کە بەشێوەیەکی زۆر بەرفرەوانتر لە هەر سێ شار و هەر دوو ئیدارەکەش بەشێوەیەکی بەرفرەوان لەلایەن وەبەرهێنانەوە چ شوققە چ خانوو دروستکرا، هەروەها لە سەرەتای کار و پڕۆژەکانی وەبەرهێنانەوە، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کە راستەوخۆ لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە دەکرا، سیستەمی قەرز بۆ گەنجان پیادە کرا، کە بە پێی ئەو سیستەمە نیوەی پارەی شوققە، یان خانووەکان حکومەتی هەرێم دەیدا. قۆناغی چوارەم لە ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بە یاسای نیشتەجێکردن لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە دەستیپێکرد، بەناوی یاسای سندوقی نیشتەجێکردن ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠٨) کە بە ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠١١) هەموار کرایەوە و لەژێر ئەحکامەکانی ئەو یاسایەدا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن سەرپەرشتیی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێکردن دەکات، بۆ چینی کەمدەرامەت و فەرمانبەرانی ناو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە هیچ ئیمتیازێکی نیشتەجێبوون و پێشینەی خانووبەرە سوودمەند نەبوون و هیچ خانوو و موڵکێکیان بەناو نییە، ئەم سیستەمەش لە ساڵی ٢٠١٢ دەستی پێکرد، بەڵام بەداخەوە قەیرانی دارایی بەسەردا هات، کە نەتوانرا هەموو ئەو پڕۆژە نیشتەجێبوونانە تەواو بکرێن، لەلایەکی دیکەوە لە ئێستادا دەتوانین بڵێین نیشتەجێکردن ٨٠٪ی ئەوی خەڵك دەیبیستێت لەلایەن وەبەرهێنانەوە ئەنجامدراوە و ٢٠٪ و کەمتری لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنەوە دەکرێت، کە ئێستا (٩٤٣٠) یەکەی نیشتەجێکردن لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لە ژێر ئەنجامداندایە، ئەگەرچی زۆربەی زۆری لەبەر قەیرانی دارایی وەستاوە، ئومێدمان وایە لەگەڵ باشبوونی باری دارایی هەرێمی کوردستان لەم کابینەیەدا ئەم پڕۆژانە بکەونەوە کار و تەواو بکرێن. هەروەها سەبارەت بە سیاسەتی نیشتەجێکردنیش ئێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنە و نیشتەجێکردن زۆر تێبینیمان لەسەر سیاسەتی نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەر بۆیە لەم کابینەیدا وەزیری ئاوەدانکردنە و نیشتەجێکردن راپۆرتێك، یان پڕۆژەیەکی لەبەردەستە، کە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بیخاتەڕوو، تێیدا هاتووە کە دەبێت سیاسەتی نیشتەجێکردن بە تەنیا لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنە و نیشتەجێکردنەوە جێبەجێ بکرێت، بەو پێیەی ئەم وەزارەتە ناوی وەزارەتی ئاوەدانکردنە و نیشتەجێکردنە بە واتەی ئەوە کە ئێمە دەبێت داڕێژەری سیاسەتی نیشتەجێکردن بین، بۆ ئەوەی بزانین ساڵانە چەند یەکەی نیشتەجێکردن دروست دەکەین و بۆ چ چین و توێژێك بێت، هەر چەندە جۆرە پشێویەك لەم بوارەدا هەیە بۆ نمونە: زانکۆکان گوندی مامۆستایان بۆ مامۆستایانی زانکۆ دروست دەکەن و یەکێتیی مامۆستایان و ئەندازیاران و سەندیکاکان یەکەی نیشتەجێبوون هەر یەکە بە جیا دروستی دەکەن، واتە هەموو چین و توێژەکان لەژێر چەترێکدا نییە، بۆیە ئێمە لە کابینەی نۆیەمدا دەمانەوێت سیاسەتی نیشتەجێکردن بێتە لای ئێمە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و ئێمە سیاسەتەکەی داڕێژین، لە سەر بنەمایەکی زانستی و لەسەر ئەو بنەمایانەی کە عیراق لەو بوارەدا هەیەتی کە لەساڵی (٢٠١٠) دەریکردووە کە ئێمەش پێمان باشە.

*** کەرتی نیشتەجێکردن کۆمەڵێك وەزارەت و دەستە پێکەوە کۆ دەکاتەوە، وەك (وەزارەتی شارەوانی بۆ دابینکردنی زەوی بۆ پڕۆژەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ کوژاندنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان کە بۆ پڕۆژەکان تەرخان دەکرێت، دەستەی وەبەرهێنان بۆ سەرپەرشتیی پڕۆژەکان و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش بێگومان لایەنێکی دیکەی ئەم پڕۆژانەیە) ئایا ئێوە لەم پڕۆژانەدا چ کار و لایەنێك بەڕێوە دەبەن؟**

- وەك پێویست هەماهەنگی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی پڕۆژەکانی نیشتەجێکردن نییە، تەنانەت ئەو پڕۆژانەی نیشتەجێکردن کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە دروست کراون، ئێمە هیچ ئاگامان لێی نییە و زۆربەی زۆری ئەو پڕۆژانە بەلای ئێمەدا نەهاتووە، تاوەکو بەپێی پێوەری دروستکردنی شاری

**لە دوو ساڵی رابردوودا کە بوومەلەرزە لە هەرێمی کوردستانی دا، ئەو پڕۆژانەی نیشتەجێکردن کە لە لایەن ئێمەوە جێبەجێکرابوون، بە سەلامەتی مانەوە، چونکە پێوەری بەرزیان لە جێبەجێکردندا تێدا رەچاو کراوە**

**لە سەرەتای کار و پڕۆژەکانی وەبەرهێنانەوە، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کە راستەوخۆ لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە دەکرا، سیستەمی قەرز بۆ گەنجان پیادە کرا، کە بە پێی ئەو سیستەمە نیوەی پارەی شوققە، یان خانووەکان حکومەتی هەرێم دەیدا**

نیشتەجێکردن وردبینی بۆ بکەین، بۆ ئەوەی بزانین و دڵنیابین لەوەی پێوەرە ئەندازەیی و تەکنیکییەکانی تێدایە، یان نا، ئەگەرچی لەم کۆتاییانەدا چەند پرۆژەیەك هاتۆتە لامان کە جارێ ئێمە لە قۆناغی وردبینیکردنیداین. بە هەمان شێوە وەزارەتی شارەوانی هەماهەنگییان لەگەڵمان نییە، بەڵام ئومێدمان هەیە کە لەم کابینەیدا چەترێك دروست بکرێت، کە لەسایەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەموومان تێیدا هەماهەنگ بین، ئێمە پێشنیارێکمان هەبوو کە دەستەی گشتی، یان لیژنەیەك لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دروست بکرێت بە سەرۆکایەتی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، یان کەسی یەکەم لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە بەشداریی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە دروستبوونی ئەو لیژنەیەدا مەبەستمان قۆرخکردنی دەسەڵات نییە، بەڵکو مەبەستی سەرەکیی ئێمە بۆ ئەوەیە کە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دروست بکەین.

*** پێشتر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بایەخێکی هێجگار گرنگی بە ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنەوەی گوند و قەزا و ناحیەکانی کوردستان دەدا، بەمەش بەشێکی زۆری گوندەکان ئاوەدان کرانەوە و ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین کرا، بەڵام هەست دەکرێت ئەم بایەخدانە وەکو پێشان نەماوە و کەم بۆتەوە، ئایا سیستەمی تازەتان لە کابینەی نۆیەمدا بۆ گوندەکان و دەرەوەی شارەکان چییە؟**

- لەسەرتای ئەم گفتوگۆیەشدا ئاماژەم بەوەدا کە ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنەوەی هاووڵاتیان لە گوندەکانیان لە قۆناغی یەکەمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆری پێدراوە، کە لەم قۆناغەدا زۆربەی گوندەکان ئاوەدان کرانەوە، هەندێك لە گوندەکان نەبێت کە لە ناوچە سنوورییە دوورەکانن و تاوەکو ئێستاش ئاوەدان نەبوونەتەوە، هەروەها لە قۆناغەکانی دیکەی ئاوەدانکردنەوەدا بەتایبەتی لەو قۆناغەی کە پێشینەی خانووبەرە بە گوندەکان درا، کە ئەمەش رۆڵێکی زۆر گەورەی بینی لە تازەکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بەڵام لەم کابینەیەدا بەپێی ئەو کارنامەی وەزارەت کە لەژێر چەتر و سایەی سیاسەتەکانی کابینەی نۆیەمدا داینیاوە، دروستکردنی گوندی هاوچەرخە کە وەکو بیرۆکەیەك دانراوە، بۆ نموونە گوندێکی هاوچەرخ بە هەموو خزمەتگوزارییەکانەوە لە نێوان (٥-٦) گوند دروست بکەین، ئەم بیرۆکەی گوندی هاوچەرخە وادەکات کە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان ئاسانتر بێت لەوەی هەر گوندێك بە جیا کار و پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەنجام بدرێت، لە هەر کاتێکدا بودجە بۆ گوندی هاوچەرخ تەرخان بکرێت، ئەوە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین چ شوێنێك بۆ ئەم پرۆژە هاوچەرخە گونجاوە، تاوەکو ئەنجامی بدەین.

*** لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ەوە بە گشتی و دوای دەرچوونی یاسایی وەبەرهێنان، کەرتی نیشتەجێبوون زیاتر درایە کەرتی تایبەت و لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکرا، ئایا رۆڵی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە بواری کەرتی نیشتەجێکردن لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا چی بووە؟**

- بەشێکی زۆری پرۆژەکانی یەکەی نیشتەجیکردن لە هەرێمی کوردستان دەستەی گشتیی وەبەرهێنان کاری لەسەر کردووە و لەلای ئەوان بووە، لەسەرەتای کارەکەوە هەماهەنگییەك لە نێوانماندا هەبوو، کە کۆمەڵێك ئەندازیاری ئاوەدانکردنەوە «تەنسیب» کران و نێردران بۆ دەستەی گشتیی وەبەرهێنان، بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێکردن و لە پێداچوونەوەی نەخشەی پرۆژەکانیشدا هەماهەنگییەك هەبوو. بەڵام لەم پێنج شەش ساڵەی رابردوو ئەو هەماهەنگییە لە نێوانماندا نەما، ئەگەر هەماهەنگییش هەبێت، زۆر لاواز بووە و ئێمە زۆر جار لەسەر کوالێتی و جۆری پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کە لەلایەن وەبەرهێنانەوە ئەنجامدراوە، گلەیی خەڵك دەبیستین، بەڵام ئەو کەموکووڕی و گلەییانەش رێژەییە، هەموو پرۆژەکان ناگرێتەوە، بۆ ئەو کابینەی ئێستاکەش بەرنامەیەکمان هەیە لە رێگای وەزیری ئاوەدانکردنەوەوە پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی

**دەبێت سیاسەتی نیشتەجێکردن بە تەنیا لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنە و نیشتەجێکردنەوە جێبەجێ بکرێت، بەو پێیەی ئەم وەزارەتە ناوی وەزارەتی ئاوەدانکردنە و نیشتەجێکردنە بە واتەی ئەوە کە ئێمە دەبێت داڕێژەری سیاسەتی نیشتەجێکردن بین**

**ئەو پرۆژانەی نیشتەجێکردن کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە دروست کراون، ئێمە هیچ ئاگامان لێی نییە و زۆربەی زۆری ئەو پرۆژانە بەلای ئێمەدا نەهاتووە، تاوەکو بە پێی پێوەری دروستکردنی شاری نیشتەجێکردن وردبینی بۆ بکەین**



**زۆر جار لەسەر کوالێتی و جۆری پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون کە لەلایەن وەبەرهێنانەوە ئەنجامدراوە، گلەیی خەڵک دەبیستین، بەڵام ئەو کەموکووڕی و گلەییانەش ڕێژەییە، هەموو پڕۆژەکان ناگرێتەوە**

کوردستانی دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئێمە چۆن لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان هاوکار بین و لە داهاتوودا چۆن چارەسەری کێشەی پڕۆژەکانی نیشتەجێکردن بکەین، ئەویش بەوەی کە وردبینی و پێداچوونەوە بە نەخشە و پلانەکانیان بکەینەوە و تێبینی تەکنیکییان بدەینێ، ئەگەر بکرێت لە سەرپەرشتیی پڕۆژەکانیشدا لەگەڵیان بین، ئەوەی لەمبارەوە دەمێنێتەوە چاوەڕوانیی ئەوەین کە ئایا دەستەی وەبەرهێنان وەڵامیان چییە و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانیش بزانین راوبۆچوونیان چییە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە ئاگاداری ئەوەین کە ئێستا لەژێر راسپاردەی بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان یاسای وەبەرهێنان هەموار دەکرێتەوە و هەموارکردنەوە و جەختکردنەوەکەش لە یاسای وەبەرهێنان زیاتر لەسەر بواری نیشتەجێکردنە، لە هەموارکردنەوەی یاساکەدا ئێمە دەمانەوێت رۆڵی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی تێدا بەخاڵ دەستنیشان بکرێت، تاوەکو بتوانین هاوکاریان بین و رۆڵی خۆمان ببینین. ئەگەرچی ئەو پڕۆژانەی نیشتەجێکردن کە لە ژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بووە، بەپێی یاساکە ئەنجام دراوە و کەموکووڕی زۆر کەمە، بەتایبەتی لە رووی تەکنیکی و ئەندازیاری بە ستانداردێکی هاوچەرخ و زانستی جێبەجێ کراون، هەر بۆیەش لە دوو ساڵی رابردوودا کە بوومەلەرزە لە هەرێمی کوردستانی دا، ئەو پڕۆژانەی نیشتەجێکردن کە لە لایەن ئێمەوە جێبەجێکرابوون، بە سەلامەتی مانەوە، چونکە پێوەری بەرزیان لە جێبەجێکردندا تێدا رەچاو کراوە. هەروەها ئێمە دەستمان بە چاوخشاندنەوە و پێداچوونەوەی نەخشە و پلانی شوقەکان کردۆتەوە، کە کەموکووڕیی ئەوتۆیان نییە، بەڵام کێشەی ئێمە نەبوونی بودجەیە بۆ تەواوکردنیان و ئەو یەکەی نیشتەجێیانەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە



و نیشتەجێکردن ئەنجامی دەدات بۆ چین و توێژێکە ئیمکانیاتی داراییان بەرز نییە، هەرچەندە دواجار ئەو پارەی شوقانە دەکەوێتە سەرشانی ئەوان، بەڵام ئەو شوقانەی وەبەرهێنان دەیکات، بۆ ئەوانەیە کە توانا داراییەکەیان زۆرە و مواسەفاتیان بەرزە، ئەوەی ئێمە شوقەیەکی ئاساییە کە شوێنێکی حەوانەوەی ئاسوودە بۆ نیشتەجێبووەکە دابین دەکات.

*** ئەو رێککەوتنانەی ئێوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لەگەڵ بەڵێندەر و کۆمپانیاکان ئەنجامی دەدەن، لەو ئاست و رێنماییانەیە کە پێویستن، ئایا ئەو بەڵێندەر و کۆمپانییانە لەو ئاستەدا بوون کە ویستی ئێوە بووە؟**

- ئێمە هەر گرێبەستێك لەگەڵ بەڵێندەر ئەنجام بدەین، پشت بە مەرجە گشتییەکانی بەڵێندەرایەتی دەبەستین، بۆ کاروباری ئەندازیاریی شارستانی و رێنمایەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکان، کە وەزارەتی پلاندانان دەریکردووە و لەم چوارچێوەیەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە کە بارودۆخێکی نائاسایی بۆ هەرێمی کوردستان هاتەئاراوە، لەوانە نەبوونی بودجە بە هۆی ئەوەوە کە بەغدا بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی و خەرج نەکردنی سلفە و پێشینەی بەڵێندەرەکان لە کاتی خۆیدا، ئەمانە وایکرد نەتوانین هەڵسەنگاندن بۆ بەڵێندەرەکان بکەین، چونکە هەرچییەك ئێمە پێیان دەڵێین، وەڵامەکەیان ئەوەیە کە دەڵێن پێشینەکانمان لە کاتی خۆی بۆ خەرج ناکرێت، بەڵام هەر کاتێك پرۆژەیەك بتوانین لە رووی داراییەوە لە کاتی خۆیدا پێشینەکانی بۆ خەرج بکەین، ئەوە دەبێت ئەو بەڵێندەرەش کار و پرۆژەکانی بەپێی رێنماییەکان و مواسەفاتی بەرز جێبەجێ بکات، هەر حاڵەتێکی لادان لە یاسا و رێنماییەکانیش هەبێت، ئەوە دەبێت بەپێی یاسا مامەڵە و ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێت.

**ئەو پرۆژانەی نیشتەجێکردن کە لە ژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بووە، بەپێی یاساکە ئەنجام دراوە و کەموکووڕی زۆر کەمە، بەتایبەتی لە رووی تەکنیکی و ئەندازیاری بە ستانداردێکی هاوچەرخ و زانستی جێبەجێ کراون**

# دەڤەرێن ئێزیدیا بارودۆخ و چارەسەری

دیارە زوربەیا دەڤەرێن ئێزیدی لێ د ئاكنجی دكەڤنە بەرمادددا (١٤٠) یا دەستووریێ عێراقا فیدرال كو قەول بوو ل سالا (٢٠٠٧)یێ ب هەرسێ قۆناغا ڤە (ئاسایی كرن ـ سەرژمێری ـ راپرسی) بێتە جێبەجێ كرن، بەلێ حكومەتا عێراقێ بەر بەست دروست كرن و ل سالا (٢٠١٤) یێ هۆڤایەترین رێكخراوا تیرۆرستی (داعش) كەفتیە عیراقێ و زۆربەیا هەر یا زۆر وان دەڤەرا داگیركرن پشتی كو چەكێ لەشكەرێ عیراقێ و ئالاڤێن لەشكەری یێن پارێزگەهێن (موسل ـ تكریت ـ رمادی) د چەند دەمژمێرێن كێمدا بێ شەر بێ جودا كرن كەفتینە دەستێن داعش و پشتی هنگی هێرش كرینە سەر ناوچێن كوردستانی لدەرڤەی ئیدارا هەرێمێ و كوم كوژی و مەرگە سات ل قەزا شنگار و دەوروبەرا چێبوین و خەلكێ مە ئاوارەی هەرێما وردستانێ بووی و ناحیا باشیك و بەحزان و كۆمەلگەها بابیرێ و گوندێن خەتارێ و سریچكا و دوغاتا و هەموو گوندێن نێزیكی هێلا شەری چۆل بوین و خەلكێ وان قەستا هەرێما كوردستانێ كری زێدە باری ئاوارێن پارێزگەهێن دی یێن عیراقێ و ژ سالا (٢٠١١) یێ ڤە خەلكەكی زۆر ژ سوریا پەنابەر بوینە ل هەرێما كوردستانێ كو دەڤەر بگشتی كەفتبوو مەترسی یەكا مەزن بەلێ سوپاس بۆ خودێ و حیكمەتا سەركرداتیا كوردستانێ ب تایبەت جەنابێ سەرۆك (مسعود بارزانی) و زەندو باسكێن پێشمەرگێن قەهرەمان كو ئەفسانەیا رێكخراوا داعش ل سەر دەستێن وان هاتە تێكشكاندن و پارێزگەهێن دهۆك و هەولێر و سلێمانی و كەركوك ب ئاوارە و پەنابەر ڤە هاتنە پاراستن.

بێگومان قوربانیێن زۆر مەزن هاتنە دان د وی شەری د اكو (٣) سالا ڤەكێشای و د بارەكی ئابوری یێ لاواز د اكو بودجا هەرێمێ ژ دەستپێكا سالا (٢٠١٤) یێ ڤە هاتبوو برین و هاریكاریا خەلكێ كوردستانێ بۆ پێشمەرگەی د وان كاودانا دا جهێ رێز و سوپاسیەكا مەزنە هەر وەسا پشتەڤانیا هێزێن هەڤپەیمانا ب فرۆكێن جەنگی و پر چەك كرن و مەشق دانا هێزێن پێشمەرگەهی جهێ سوپاسیێ یە.

پشتی شەرێ داعش ب دوماهیك هاتی هێز و لایەنێن سیاسی ل كوردستانێ لسەر پێشنیارا جەنابێ سەرۆك مەسعود بارزانی پاشان ب بریارا پەرلەمانێ كوردستانێ ریفراندوما سەربەخویا كوردستانێ ل (٢٠١٧/٩/٢٥) یێ هاتە ئەنجام دان كو خەلكێ مە ب هەموو پێك هاتا ڤە كو كوردێن ئێزیدی ژی ل ناوچێن دەرڤەی ئیدارا هەرێمێ ژی ب جۆش و خرۆشەكا مەزن ب كەرنەڤالێن ئاهەنگان دەنگێ خۆ دان بۆ سەربەخویا گوردستانێ برێژا زێدەتر ژ (٩٣٪).

بەلێ حكومەتا عیراقێ ب پشتەڤانیا هێزێن وەلاتێن هەرێمی تایبەت ئیران و توركیا و هندەك وەلاتێن زل هێز و خیانەتا بەشەكی لایەنەكی دیار یێ سیاسی ل هەرێما كوردستانێ كەفتنە گێرانا



**سەعید سیسۆ**
رۆشنبیری کوردی ئێزدی- ئەلقوش
بۆ گولان نوسیویەتی

پیلانا بۆ نەهێلانا هەرێما کوردستانێ و رودانێن (١٦) ئوکتوبەرا (٢٠١٧) ێ بونە ئەگەرێ جارەکا دی داگیر کرنا زۆربەیا هەر یا زۆرا ناوچێن ماددا (١٤٠).

و باوەر دکەین ئەگەر شەرێن (پردێ ـ سحێلا ـ تللسقوف ـ مەحمودیێ) پێشمەرگەی بەر سینگێ وان هێزا نەگرتبا هەرێما کوردستانێ هەموو بەرەف وەزعەکی زۆر خراب دێ چووبا.

و پشتی ئەو پیلان هاتیە ژ ناڤبرن ب حیکمەت و دبلوماسیەتا حکومەتا هەرێمێ تایبەت جەنابێ کاك (نێچیرڤان بارزانی) کو سەرۆکێ حکومەتێ بوو د وەختی دا سەنگێ کوردستانێ ل ناف جڤاکێ نیف دەولەتی بەرە بەرە زڤراندەڤە و وەزع بەرەف باشییێ ڤە بر لسەر ئاستێ عیراقێ و هەرێمایەتی و جیهانی و دیارە نوکە فشارەك لسەر حکومەتا عیراقێ هەیە ژ لایێ نەتەوەییێن ئێککگرتی ڤە و وەلاتێن زل هێز کو گرنگی ب دەڤەرێن بەر شەرێ داعشێ کەفتین بێتە دان و ئەو خەلکێ ئاوارە بزفرتە ڤە جهێن خۆ.

بێگومان مەرجێ سەرەکی بۆ زڤرینا وی خەلکی پەیدا کرنا ئارامیێ یە و پێشکێشکرنا پرۆژێن خزمەت گوزاری یێن گرنگ بۆ ژیانێ. لدەڤەرێن ئێزدیا یێن وێران بووین ب تایبەت قەزا شنگار و دەور و بەرا و هەبوونا هێزێن نەرێکخستی و نەکونترۆل کری ژ لایێ دەولەتێ ڤە و هەبوونا هێزێن ژ دەرڤەی سنورێ عیراقی هاتین نە ئارامی یەکا مەزن ل وان جها پەیدا کری یە لەوما نزیکی (٨٥٪) ژ خەلکێ دەڤەرا شنگار تا نوکە د کەمپا دا د ژین و ل ناف باژیر و دەڤەر ێن هەرێما کوردستانێ دا دژین و دخازن پێشمەرگە وان ب پارێزت ل دەمێ زڤرینا وان بۆ سەر دەڤەر و وارێن وان لەوما زڤرینا پێشمەرگەی بۆ دەڤەرێن مادا (١٤٠) بگشتی بۆ پاراستنا هەموو پێکهات و نەتەوا زۆر یا فەرە و ئەگەر وەکی بەری (٢٠١٤) ێ ژی بت کو ب هاوبەشی دگەل هێزێن دۆستا و لەشکەرێ عیراقی یێ فەرمی و پۆلیس و دەزگایێن ئەمنی یێن هەرێمێ و عیراقا فیدرال ژی بن.

بتایبەت کو نوکە حکومە تا تازە یا هرێما کوردستانێ بسەرۆکاتیا رێزدار مسرور بارزانی دقوناغا دان وستاندنا دابە دگەل بەغدا بۆ چارە سە رکرنا کێشە یا دناڤبن را هرێمێ وبە غدا دا.پیتڤی یە ب هشیارانە سە رە دە ری بێتە کرن وبۆ ناوچێن ماددا ١٤٠ وهە لبژارتنێن داهاتی هە ولێن شوفینیزمێن عە رە ب بۆ مە حروم کرنا پارتێن ٤ سال بۆرین کۆنگرێ خۆ گرێنە دای یان ئاوارێن وان دە ڤە را دە نگ نە دە ن کو رێژە کا زۆرە بهێنە ژناڤبرن.وپێویستە حکومە تا هرێمێ لدە مێ پێویست کارێن خزمە تگوزاری یێن فەر وپیتڤی پێشکێش بکە ت بۆ دە ڤە رێن کێشە لسە ر وئێمناهی بێتە پاراستن داکو ئاوارە بزڤرنە ڤە جهێن خۆونوینە راتیا کوردان ل حکومە تێن خۆجهی یێن وان دە ڤە را برێژە کا بە رچاف وواقعیانە بیت

# یەکێتی زانایان دەستکەوتێکی گرنگ و مێژوویی

> **یەکێتیی زانایان بە درێژایی تەمەنی خزمەتێکی زۆری بە مامۆستایانی ئایینی و مزگەوت و تەدریس و حوجرە و تەنانەت بەرەوپێشەوەبردنی بزاڤی رۆشنبیری لەو هەرێمە کردووە، هەمیشەش وەک داکۆکیکارێکی دڵسۆز بۆ خاک و نەتەوەی کوردی موسڵمان خۆی ئاراستە کردووە**

> **یەکێتیی زانایان بە ئەندازەیەکی باش توانیویەتی بەو خزمەت و ئەرکە هەستێ، کە بۆی دامەزرا، بەتایبەتی لە رووی ئایینییەوە توانیویەتی کار بکات بۆ گەیاندن و پاراستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و رووە جوانەکەی ئەم دینە بۆ موسڵمانان دەربخات و پەیامێکی میانرەوی دوور لە توندوتیژی بڵاوی بکاتەوە**

یەکێتیی زانایان وەك دامەزراوە و رێکخراوەیەکی پیشەیی و سەرتاسەری لە ٢٠١٩/٩/٢١ لە گەڵاڵەی باڵەکایەتی، لەسەر دەستی کۆمەڵە زانایەکی دڵسۆز و بە پاڵپشتیی راستەوخۆی مەرحووم مەلا مستەفا بارزانی لە پێناو ئامانجگەلێك دامەزرا. دامەزراندنی ئەو رێکخراوە وەك پێویستییەکی مێژوویی ئەوسا بێ زەمینەسازی و بێ ئامانج نەبووە، بەڵکو کۆمەڵێك پاڵنەر و فاکتەری گرنگ لە سەر هەردوو ئاستی ئایینی و نەتەوەیی هەبوون، کە لە ئێستادا روونتر ئەو راستییە بەرچاو دەکەوێت. قۆناغ دوای قۆناغ لە ئەنجامی کاری پێکەوەیی و هەماهەنگی و پاڵپشتی و دڵسۆزیی خودی زانایان، ئەو یەکێتییە توانی ببێتە هەوێنی لێك نزیکبوونەوەی زۆری زانایان و کۆکردنەوەیان لە ژێر یەك چەتر، بۆ ئەوەی بتواندرێ لەشێوەی کاری رێکخراوەیی وزە و توانای زانایان لە تەواوی کوردستان کۆبکرێتەوە، لە خزمەتی گشتی و لە پێناو برەودان بە هەستی ئایینپەروەری و نیشتمانپەروەری ئاراستە بکرێتەوە.

یەکێتیی زانایان بە درێژایی تەمەنی خزمەتێکی زۆری بە مامۆستایانی ئایینی و مزگەوت و تەدریس و حوجرە و تەنانەت بەرەوپێشەوەبردنی بزاڤی رۆشنبیری لەو هەرێمە کردووە، هەمیشەش وەك داکۆکیکارێکی دڵسۆز بۆ خاك و نەتەوەی کوردی موسڵمان خۆی ئاراستە کردووە.

ئێستاش بە هاوکاری و پشتیوانیی سەرجەم زانایان ئامانجی ئێمە ئەوەیە خزمەتێکی گەورە بە موسڵمانان و خاك و وڵات و بەتایبەتیش زانایانی ئایینی بکەین، ئەزمونی هەرێمی کوردستان و کاری رێکخراوەیی و دروستکردنی پەیوەندی و چارەسەرکردنی کێشەکان و بەرقەرارکردنی ئاشتی بۆ کوردستان و بەرەنگار بوونەوەی بیری توندڕەوی و تیرۆر بخاتە نێو ستراتیژی خۆی و بە ئاراستەیەکی دروست کاری لەسەر بکات.

یەکێتی زانایان بە ئەندازەیەکی باش توانیویەتی بەو خزمەت و ئەرکە هەستێ، کە بۆی دامەزرا، بەتایبەتی لە رووی ئایینییەوە توانیویەتی کار بکات بۆ گەیاندنو پاراستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و رووە جوانەکەی ئەم دینە بۆ موسڵمانان دەربخات و پەیامێکی میانڕەوی دوور لە توندوتیژی بڵاوی بکاتەوە، لە رووی نەتەوەییەوە توانیویەتی وەك رێکخراوێکی چالاك هەوڵبدات بۆ بەرەوپێشبردنی ئەزموونی گەلەکەمان و دەورێکی چاك ببینێ لە هەموو کایەکاندا، لەسەر ئاستی پیشەییش توانیویەتی زۆربەی زانایانی ئایینی لە ژێر چەتری ئەم رێکخراوەدا کۆ بکاتەوە و بە گوێرەی توانا داکۆکی کاربێت لە مافەکانیان و پێدانی بەرچاوڕوونی و هۆشیاری و بەشداریپێکردن و ئاگالێکبوونی سەرتاسەری. هەروەها یەکێتیی زانایان توانیویەتی لە پرسە چارەنووسسازەکاندا رۆڵی خۆی ببینێ و قسەی خۆی هەبێ و جێگای خۆی لە دڵی زۆربەی مامۆستایانی ئایینیدا بکاتەوە و کۆیان بکاتەوە لە دەوری ئەو رێکخراوەیەدا، داکۆکیکارێکی



**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**

**بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

باش بووە بۆ مامۆستایانی ئایینی و خزمەتکردنی ئەم دینە بە شێوازە جوان و راستەکەی و ناساندنی ئەم گەلە بە گەلێکی موسڵمانی راستەقینە و دڵسۆز بە هەموو جیهان.

لە رووی کرانەوە و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و ناوەندە زانستی و ئایینیەکانی دەرەوە و هەڵکشانی چالاکییەکان بۆ ئاستی بەرز و زۆر و هەمەجۆر، وای کردووە ناوی یەکێتیی زانایان وەك دامەزراوەیەکی زیندووی کوردستان بێتە ناساندن و بە چاوی رێزەوە لێی بڕوانن، لە داکۆکیکردنی مافو رێچکەی دروستی ئازادی و دیالۆگ و لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی کوردی و راگرتنی هاوسەنگی و سەقامگیریی دۆخی کۆمەڵایەتیو ئاشتەوایی و فەرهەنگی پێکەوە ژیان و رێزگرتنی یەکتر و زەمینەی هەماهەنگی، رێڕەوێکی سەرکەوتووانەی گرتووە و کاریگەریی زۆری بەسەر جەستەی نیشتمان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگەی کوردییەوە دیارە، لە گەیاندنی پەیامی رەسەن و دروستی ئیسلامپەروەری و پەروەردەی رۆڵەکان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و بەدەمەوەچوونی خواستی هاوولاتیان و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان لە مەترسیی هزری توندڕەوی و تەکفیری و بڵاوکردنەوەی هەستی میانڕەوی و جیهانبینی بە داناییەوە پێنگاڤی ئەرێنی هەڵێناوە و ئاسەواریشی دیارە، نموونەی ئەو راستییە لە قۆناغی بەرەنگاری شەڕی داعش لە واقیعی کوردستان بەرچاوە، کە چۆن زانایان توانییان لە رێی پاڵپشتیی پێشمەرگە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و جووڵاندنی شەقام بە ئاراستەی پاڵپشتی و ورەبەرزی سەبارەت بە دیفاع لە خاك و نیشتمان و پاراستنی شەرەف و کەرامەتی ئینسانی و کۆمەکی ئاوارە و لێقەوماوان و ئیدانەی کردە دڕندانەکان رۆڵێکی هەستیار و گرنگ و گەورە بگێڕن.

لە هەفتەی رابردوو ئولیفیە دیکۆتینی کونسوڵی گشتیی کۆماری فەرەنسا لە هەولێر سەردانی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی کرد و راشکاوانە سوپاسی خۆی ئاراستەی زانایانی کوردستان کرد، لەسەر ئەو رۆڵە گرنگەی پێشکەشی دەکەن لە پرسی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و بایەخدان بە کەمە نەتەوەکانی دیکە و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و توندڕەوی، ئەو هەنگاوەشی بە سەرمایەی گرنگی هەر کۆمەڵگەیەك وەسف کرد.

بۆیە لە یادی ٤٩ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیدا دەبێ زانایان بە شەوق و زەمینە و ئاراستە و گەرم وگوڕییەکی پترەوە درێژەپێدەری کاروانی ئامانجەکانی ئەو یەکێتیە بن و لە رێی پاڵپشتی و پێشنیار و هەماهەنگی و دڵسۆزییەوە، لە هەرسێ رووی ئایینی و نەتەوەیی و پیشەیی و بە هەمان تێڕوانینی پێشەنگی و پێشکەشکردنی خزمەت و پارێزگاریی دەستکەوتەکان و بە هەندوەرگرتنی کێشەی رەوای گەل و نیشتمان، نموونەی شایستەتر و شکۆمەندانەتر بخەنە خزمەتی کوردستانەوە.

**یەکێتیی زانایان توانیویەتی لە پرسە چارەنووسسازەکاندا رۆڵی خۆی ببینێ و قسەی خۆی هەبێ و جێگای خۆی لە دڵی زۆربەی مامۆستایانی ئایینیدا بکاتەوە و کۆیان بکاتەوە لە دەوری ئەو رێکخراوەیەدا**

**لە رووی کرانەوە و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و ناوەندە زانستی و ئایینیەکانی دەرەوە و هەڵکشانی چالاکییەکان بۆ ئاستی بەرز و زۆر و هەمەجۆر، وای کردووە ناوی یەکێتیی زانایان وەک دامەزراوەیەکی زیندووی کوردستان بێتە ناساندن و بە چاوی رێزەوە لێی بڕوانن**



**مەتین نوری خەلیل**

سیاسەتمەداری کوردی باکوور و ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# بوونی پەکەکە لە گوندەکاندا هەڵەیە و دەبێتە هۆی کوژرانی خەڵک و فشاریش لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات

**لە ئێستادا مشتومڕێکی زۆر دەکرێت لەسەر ئەو سیاسەت و ستراتیژیەتەی کە پەکەکە پیادەی دەکات، رەخنەی ئەوەشی لێ دەگیرێت کە ئەم سیاسەتانە بوونەتە هۆی ئەوەی کێشەکان ئاڵۆزتر بن و رەوشەکە بۆ کوردی باکوور خراپتر بێت، لە هەمان کاتدا کێشە و گرفتیش بۆ خەڵک و حکومەتی باشووری کوردستانیش دروست بکات، هۆکارەکانی گرتنەبەری ئەم ئاراستەیە و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی، لەگەڵ چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، بوونە تەوەری گفتوگۆی ئەمجارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ مەتین نوری خەلیل ئەندامی پێشووی پەکەکە.**

*** پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دەکرد، بەڵام ئێستا رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی هەمووی بەرەو دژایەتیی بیری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەچێت، ئایا هەر لە سەرەتاوە شتێك لای پەکەکە بەناوی بیری نەتەوەیی و دەوڵەتی کوردستانەوە هەبووە؟**

- ئێمە دەزانین کە پێشتریش و ئێستاش هێنانەدی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد ئامانجی یەکەم هەبووە، بەڵام ئێمە دەزانین دوژمنانی کورد هەوڵی لەباربردنی ئەم خەونەیان داوە و کوردیش دوژمنی زۆرە. سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەشتان من ناڵێم لە ئێستادا هەموو پەکەکە بە تەواوەتی دەستبەرداری بیری نەتەوەیی بوون، بەڵکو دەرکەوتنی هەندێك سەرکردە و بەرپرسی دەستڕۆیشتوو لەناو پەکەکەدا هزرو بۆچوونیان بە چەشنێکە کە ناخوازن ئەم ئامانجانە بێنەدی، واتە نایانەوێت پەکەکە بەو ئاراستەیەدا کار بکات کە پەرە بە بیری نەتەوەیی بدات و کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکات.

*** لایەنێکی دیکە لە ژیانی سیاسیی پەکەکە ئەو ئایدیۆلۆژییە چەپە رادیکاڵەیە کە هەموو حزبێکی سیاسی لە کوردستان رەتدەکاتەوە و رایدەگەیەنێت کە لەگەڵ بوونی ئەو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەست پێ دەکات، ئایا پەکەکە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا، چەندە دژایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی کردووە؟**

- من باوەڕ ناکەم پەکەکە دوژمنایەتییەکی لەو شێوەیەی بۆ دەوڵەتی کوردی و پارتی

**من ناڵێم لە ئێستادا هەموو پەکەکە بە تەواوەتی دەستبەرداری بیری نەتەوەیی بوون، بەڵکو دەرکەوتنی هەندێک سەرکردە و بەرپرسی دەستڕۆیشتوو لەناو پەکەکەدا هزرو بۆچوونیان بە چەشنێکە کە ناخوازن ئەم ئامانجانە بێنەدی**

دیموکراتی کوردستان هەبێت، ڕەنگە پەکەکە کە سەر بە ئایدیۆلۆژیایەکی چەپی سۆشیالیستی بێت، ئەمە وای لێ کردبێت، بە بۆچوونی پەکەکە پێویستە بەرگری لە هەموو کەس و مرۆڤێك بکەن کە کەوتبێتە ژێر زوڵم و چەوسانەوە و ئەشکەنجەدان، بەڵام لە ئێستادا شێوازی کارکردنی پەکەکە لە نێو تورکیادا بە چەشنێکە کە جۆرە مەرکەزییەتێکی تێدایە، ئەوەتا بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ کەس لە نێو پارتی هەدەپەدا بە پەکەکەوە گرێ بدرێنەوە.

*** لە کاتێکدا زەمینەیەك هاتبووە پێشەوە بۆ ئاشتی و کوردانی تورکیا لە هەڵبژاردندا زیاتر لە ٨٠ کورسییان بە دەست هێنا، بەڵام پەکەکە شەڕی بردە ناو تورکیا و لە دەوروبەری ئامەد شەڕی خەندەقی دەست پێ کرد، بەمەش گورزێکی کوشندەی لە مافەکانی کوردی تورکیا وەشاند، ئایا ئەگەر پەکەکە مەبەستێتی مافی کوردی تورکیا بەدەست بهێنێت، بۆ وڵاتەکە وێران دەکات؟**

- دەستپێکردنی شەڕی خەندەق زیانێکی گەورەی بە کورد لە تورکیا گەیاند، دروستبوونی شەڕی خەندەق لە کوردستانی باکوور زۆر هەڵە بوو، کەلێنێکی گەورەی دروست کرد، لەبەر ئەوەی میللەت بۆ ئەو شەڕە ئامادە نەبوو، لە ئەنجامدا زیانی گەورەی بەر کەوت و خەڵکێکی زۆر کوژران، ئەمەش شکستی بە هەموو ئەو خەباتە هێنا کە بۆ ئاشتی و ئاشتەوایی کرابوو. هەدەپە خوازیار بوو شەڕ لە باکووری کوردستان نەمێنێت و بە ڕێگایەکی ئاشتی چارەسەری کێشەکان بکرێت، هەموو ئەم ئامانجانە لەشەڕی خەندەقدا لەدەستمان دا. بە پێچەوانەوە ئەگەر پەکەکە شەڕی خەندەقی نەکردایە و درێژەی بە سیاسەت و ڕێگە چارەی ئاشتی بدایە، ئەوا بێگومان ئەو ٨٠ پەرلەمانتارەی کورد لە پەرلەمانی تورکیا لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیادا بەهێزتر دەبوون و بگرە ژمارەیان زیاتریش دەبوو. بەڵام ئەوەتا لە ئێستادا دەوڵەت بە هەموو شێوەیەك فشار لەسەر میللەتی کورد دروست دەکات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کۆچبەری لەنێو کورد لەو وڵاتەدا زیاتر ببێت، واتە کورد زیاتر ناوچەکانی خۆیان جێ دەهێڵن، ئەگەرچی کورد لە هەر بەشێکی ئەم وڵاتەدا بێت، مەیلی لای دەستکەوتی نەتەوەییە، بۆ نموونە ئێستا لە شاری ئەستەنبول سێ ملیۆن کورد هەن، ئەوان مەیلیان هەر بۆ کوردە و پشتیوانی لێ دەکەن، ئەگەرچی لە شوێن و کولتووری خۆیان دوور دەکەونەوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە ئێستا پەکەکە لەناو کوردانی تورکیا جەماوەری کەم بۆتەوە و ئەوانیش بۆیان دەرکەوتووە کە پەکەکە خەبات بۆ کوردانی تورکیا ناکات، ئایا تاچەند ئێستا لە ناو کوردانی باکووردا پەکەکە ڕەت دەکرێتەوە؟**

- بەڵێ، جەماوەری پەکەکە بەراورد بە ڕابردوو کەم بۆتەوە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێ لە کەسانی نێو پەکەکە لەگەڵ خواست و ویستی خەڵکدا نین، لە ئەنجامدا ئەمە بۆتەهۆی ئەوەی خەڵکی لە پەکەکە دوور بکەنەوە، بۆ نموونە: هەندێ لە سەرکردەکانی نێو پەکەکە جۆرێك لە پارچەبوونیان لە نێو پەکەکەدا دروست کردووە، بە پێچەوانەی هەندێ سەرکردەی دیکە هەن کە مەیلی نەتەوەییان هەیە و خەڵکانێك هەن لە نێو کورددا حەزیان لە بۆچوون و بیر و ڕاکانیان هەیە .

*** شێوازێکی دیکەی پەکەکە لە دروستکردنی چەکدارەکانی ڕفاندنی کوڕ و کچی گەنجی خوار تەمەنی ١٨ ساڵانە لە کوردستان و پاشان ڕێگەیان لێ دەگرێت پەیوەندی بە کەسوکاریانەوە بکەن، هەروەها بڕواشیان بە پرۆسەی هاوسەرگیری نییە، ئایا تاچەند ڕەفتارەکانی پەکەکە شیرازەی خێزان و دابونەریتی کوردانەی تێکداوە؟**

- من لەساڵی ١٩٩١ تاکو ٢٠٠٢ لەناو پەکەکەدا بووم، لە هەموو ناوچەکانی باکووری کوردستان و قەندیل کارم کردووە، بەڵام زارۆکی گچکەم لەناو شەڕەکاندا نەبینیوە، خۆ ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو زارۆکانە هەبن، ئەوان ناچنە نێو شەڕەکانەوە و بەشداریی شەڕ ناکەن. ئەوەی پەیوەندیی بە بەشی دووەمی پرسیارەکە هەبێت، ئەوەیە سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە پەکەکە دژی هیچ ئایینێك نییە و تەنانەت لە ناو پەکەکەشدا خەڵکی خاوەن ئایینی جیاواز جێیان بۆتەوە و کەس پێی نەوتوون کە تۆ سەر بە چ ئایینێکی. سەبارەت بە هاوسەرگیری ئەوا ناکرێت کاتێك

**دروستبوونی شەڕی خەندەق لە کوردستانی باکوور زۆر هەڵە بوو، کەلێنێکی گەورەی دروست کرد، لەبەر ئەوەی میللەت بۆ ئەو شەڕە ئامادە نەبوو، لە ئەنجامدا زیانی گەورەی بەر کەوت و خەڵکێکی زۆر کوژران، ئەمەش شکستی بە هەموو ئەو خەباتە هێنا کە بۆ ئاشتی و ئاشتەوایی کرابوو**

**ئەگەر پەکەکە شەڕی خەندەقی نەکردایە و درێژەی بە سیاسەت و ڕێگە چارەی ئاشتی بدایە، ئەوا بێگومان ئەو ٨٠ پەرلەمانتارەی کورد لە پەرلەمانی تورکیا لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیادا بەهێزتر دەبوون و بگرە ژمارەیان زیاتریش دەبوو**

لە نێو پەکەکەدان هاوسەرگیری بکەن، ئەگەر بێت و بیانەوێت هاوسەرگیری بکەن، ئەوا دەبێت پەکەکە جێبهێڵێن و دەستبەرداری بن. واتە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پەکەکەوە تا ئێستا ئایدیۆلۆژیای پەکەکە لەسەر هاوسەرگیری و خێزان وماڵبات دانەمەزراوە و چەندین گەریلا و ئەندامی پەکەکە هەن، کە بێ منداڵ و هاوسەرن، بەڵام ئازادیی داوە بەوەی هەرکەسێك هاوسەرگیری دەکات، دەتوانێت دابنیشێت و شەڕی چەکداری نەکات.

*** لە کاتیکدا پەکەکە هەتا ئێستا نەیتوانیوە گوندێکی کوردستانی تورکیا ئازاد بکات، بەڵام شەڕ بە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەفرۆشێت و ئامانجی ئەوەیە حکومەتی** ولآتانی دراوسێی وەك ئێران و تورکیا فشار لەسەر هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم هەرێمە بۆتە چەترێك بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، هەر کەسێك دژی ئەم هەرێمە و ئەم ئازادی و سەربەخۆییە بێت، ئەوا کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە، ئیدی پەکەکە بێت، یان هەر حزبێکی دیکە.

*** باشە ئێمە دەزانین مەیدانی راستەقینەی کارکردنی پەکەکە باکووری کوردستانە و پێویستە پەکەکە هەوڵ و کۆششەکانی لەو بەشەدا چڕ بکاتەوە، بەڵام دەبینین هەندێ جار، هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، پەکەکە دەیەوێت کار لە ناو باکووری کوردستانیشدا بکات، دەرئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، وەك**

**جەماوەری پەکەکە بەراورد بە رابردوو کەم بۆتەوە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێ لە کەسانی نێو پەکەکە لەگەڵ خواست و ویستی خەڵکدا نین، لە ئەنجامدا ئەمە بۆتەهۆی ئەوەی خەڵکی لە پەکەکە دوور بکەنەوە**



**هەرێمی کوردستان بڕووخێنێت، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگەی ئومێدی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانە، ئایا پەکەکە بۆ خزمەتی کێ دژایەتیی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکات؟**

- لە راستیدا لەم رووەوە منیش رەخنەم لە پەکەکە هەیە کە نابێت خۆی لە نێو گوندەکاندا جێگیر بکات، کە دواتر ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی دوژمن بێت و ئەم گوندانە بۆردومان بکات و خەڵکیش بکوژرێن، کەواتە ئەمە هەڵەیەکی پەکەکەیە و کارێکی ناڕاست و نا دروستە و زیان بە هەرێمی کوردستانیش دەگەیەنێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی **شەڕی خەندەق، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی رەوشی باکوور بە چ ئاقارێکدا بڕوات؟**

- من پێم وایە بە رێگاچارەی ئاشتی و سیاسییانە نەبێت، پەکەکە ناتوانێت بە بە چەك بەرامبەر دەوڵەتی تورکیا شەڕ بکات، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بەم ساڵانەی دوایی تەکنەلۆژیای سەربازیی تورکیا زۆر پێشکەوتووە و بە چەشنی رابردوو نییە، واتە ئێستا تورکیا تانك و فڕۆکەی پێشکەوتووی هەیە، لەبەر ئەوە دووبارەی دەکەمەوە، ئەگەر پەنا نەبردرێتەبەر رێگاچارەی ئاشتی و سیاسی، ئەوا پەکەکە رووبەڕووی زەحمەتی و دژواری دەبێتەوە.

**پەکەکە نابێت خۆی لە نێو گوندەکاندا جێگیر بکات، کە دواتر ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی دوژمن بێت و ئەم گوندانە بۆردومان بکات و خەڵکیش بکوژرێن، ئەمە هەڵەیەکی پەکەکەیە و کارێکی ناڕاست و نادروستە و زیان بە هەرێمی کوردستانیش دەگەیەنێت**